# جیهانی منالاّن

گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە
دەربارەی منالاّن

**ژمـــــارە 15 پاییزی 2005**









**هاوینە هەواری یانەی سارا لە گوندی زرگوێز، کۆتایی هاوین و سەرەتای پاییز**

www.jmnalan.org

# پێرســـــــــت


| بابەت | لاپەڕ | نووسەر |
| --- | --- | --- |
| وتاری سەردەبیر | 2 | ع کیتابی |
| شێوازی پەروەرد | 4 | پێتوول و پسپۆڕانی سوێدی |
| ڕێپۆرتاژ | 7 | ڕەف ئالانی ڕۆژنامە نووس |
| ئامانجی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی دایکانی منداڵانی یانەی سارا | 9 | |
| کەشتییە شڕەی خەیاڵ | 11 | مامۆستا عەمری میشاوی |
| با ئیمڕۆمان | 12 | کیۆمرس نیگ ڕەفتار |
| چمکێك لە ڕۆمانی سارا | 17 | نوویسنی عـــەلی کیتابی |
| بڵێسە ە بۆچەکی دەروون | 24 | مامۆستا خالیدی تاتانی |
| زمانی منداڵ و ڕاپۆرت | 26 | ئاسۆ بیارە و سەر نووسەر |


ئەو کەسایەتی و لایەنانەی یارمەتی معنەویان کردووین وەك دوکۆمینتیکی بەنرخ لەم ژمارەیەدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە

تکـــــــــایە بڕوانە لاپەڕەی 26

من کە بەرپرسیاری ئابووری گۆڤارەکەم و لە نزیکەوە ئاگاداری بواری ئابووری یانەی سارام، حەزم کرد بە کورتی ئەم ڕاپۆرتە بدەم.

خەرجی ساڵێکمان بە نۆژەن کردنەوەی یانەکەوە زیاتر لە دە هەزار 10000دۆلار بووە دەرامەتیشمان تەنیا 3550 سێ‌هەزار و پێنج سەدوپەنجا دۆلار بووە، 3400 دۆلاری لەلایەن هاوڕێ مەهاباد قەرەداغیەوە،150دۆلاریشی لەلایەن ڕێکخراوی CDO وە پێمان بەخشراوە. لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی سلێمانیەوە 300 هەزار دینارمان بەردەوام بۆ تەرخان کراوە لە سەری ساڵی تازەوە واتە 2006 پێمان دەدرێ.

تێبینی: زیاتر لە 60 دەرسەدی خەرجی یانەو گۆڤارەکە تەنها لەسەر شانی کاك میرزا عەلی کیتابی بووە.

شەهاب مەنمی

Tel: Sweden +46 31 330 20 30
Kurdistan +64 770 211 0881

# وتاری سەردەبیر

پاش پازدەساڵ تێکۆشان بۆ بە ئاکام گەیاندنی بیرۆکەیەکی پیرۆز: سەرەنجام لە سەهۆلبەندانی زستانی پاردا واتە کۆتایی ساڵی 2004 وڵاتی سوێدم بەرەو کوردستان بەجێ هێشت و خوم گەیاندەوە ناو بەحری پڕ جۆش و خورۆشی خەڵك و شەتاوگەی وشکی کۆنە هاو ڕییانم لەگوندی زڕگوێزی گەورە. ئاخر من دەورانی تێکۆشانی پێشمەرگایەتیم لەو گوند و هەرێمەدا کۆتایی پێهێنرا و پەڕیوەی هەندەرانبووم. لەڕاستیدا چاوەڕوانم نەدەکرد تا ئەوڕادەیە ئاسایش و ئەمنیەت لەو ناوچەیە بەرقەرار بێت تا من بتوانم بە ئاسانی ئەسپی ئاوات و ئامانجی خۆمی تێدا بڕەتێنم.

بەڵێ وەك ئامازەم پێکرد سەرەنجام پاش پازدەساڵ تێکۆشانو شەونخوونی بە نەخۆشی و شەڵ و شکاوی گەیشتمەوە شاری سلێمانی ئەو هەرێمەی کوردستان کە دوا قۆناغەکانی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەییم تییایدا کۆتایی پێهێنرابوو بەناچاری و نەبەدڵی بەرەو تاراوگە چووم، بەڵام خۆشبەختانە لە وڵاتێك گیرسامەوە کە وڵاتی سوێدە هەرچەند ئولگۆی ئامانجی من نیە بەڵام بە بڕوام لە چاو گشت وڵاتەپێشکەوتووەکانی سەر گۆی زەمین زیاتر بێشکەی شارستانیەت و ئازادی و سەربەستی‌یە بۆیە پەڕتووکی بەرنامەی فێرکردن و بارهێنانی سەرەتایی منداڵانەکەی بۆمن قورعانیکە کە بە شانازی و دڵنیاییەوە پەیڕەوی لێدەکەم.

هەروەها دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم من لە وڵاتی سوێدا بوو ئەو ئازادی و ئاسایشەم بۆ ڕخسا کە توانیم خۆمی تێدا پەروەردەکەم خۆم ئامادەکەم بۆ بە ئاکام گەیاندنی بیرۆکەکەم کە خزمەتکردن بە منالآنە بەگشتی و یانەی منداڵی سارایە بەتایبەت. هەر وەها یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی خولقاندن و بەئاکامگەیاندنی ئەو بیرۆکەیە ئەوەیە کە بۆ یەکەمینجارە لە مێژووی گشت کوردستاندا باغچەی ساوایان بە شێوەیەکی پێشکەوتوانە لە شارەوە کۆچێنراوە بۆ گوند و ئەوگوندەیش گوندی زڕگویزی گەورەی سلێمانیە کە ئەوشانازیەی پێ بەخشراوە. ئیستا منداڵانی ئەو گوندە بەبێ هیچ جۆرە پاداشێك لەو خزمەتگوزاریە پێشکەوتوانەیە بەرخوردارن.

وەرزی پایزی 2005 سەردەبیری گۆڤاری جیهانی منالآن


عەلی کیتابی

بڕوانە لاپەڕەی 26

**مەرج** و بەردی بناغەی یانەی ساراو ئۆرگانەکەی کە ئەم گۆڤارەیە تەنیا ئەم چەند خاڵانەی خوارەوەیە: نووسەران و دەستەی نووسەران و پشتیوانانی، ئەو نووسین و بەرهەمانەی کە بۆ ئەم گۆڤارەی دەنووسن و دەنێرن نابێ هیچ جۆرە بۆن و بەرامەیەکی سیاسی، حیزبی مەزهەبی و ڕەگەز پەرستی پێوە بێ. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیەو مرۆڤە سیاسی و حیزبی و نەتەوەیێیە سادق و سالم و ساکارەکان لەم کارە پیرۆزە بێبەشکەین.. مەبەستی سەرەکی ئێمە ئەوەیە بە وریایی‌و بە دەربەس پاسەوانی درگای ماڵی خۆمان بین و نەیەڵین جاسووسانی چاوچنۆکی سیاسی و حیزبی و مەزهەبی خۆیان بخزێننە ناومان یان بەقازانجی سیاسەتەکانیان بەکارمان بێنن، وەیان بە هەڵە و لاڕێماندا بەرن. هەڵماندێرن. لەماوەی تەمەنی ئەم نیهادەوە تاك و تووك هاتوونەتە ناومان بەڵام بە ناکامی‌وناچاری پاشە کشێ‌یان کردوە. **گ.ج**

# جیهانی منداڵان

**گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە**



سەرنووسەر

**عەلی کیتابی**

مۆنتاژکارو بەرپرسی ئابوری

**شەهاب مەنمی**

## جیهــانی منــداڵان

**گۆڤارێکی وەرزیەو لە سوێد دەرئەکرێ و**
**لە کوردستان دووبارە چاپدەکرێتەوە**

**بە زۆری لەسەرCD و ماڵپەڕی جیهانی منداڵان www.jmnalan.org بڵاو دەکرێتەوە**

**بەتایبەتیش بۆ پشتیوانان و یارمەتی دەران چاپ دەکرێت**

# شـــــێوازی پــــەروەردە

وەرگێڕانی لە سویدیەوە: شەهاب مەئمی

پێداچوونەوە: عەلی کیتابی

ئەم نامیلکەیە دەربارەی شێوازی پەروەردەی باغچەی ساوایانی منداڵانە کە لەلایەن پسپۆڕ و دەروونناسانی وڵاتی سویدەوە توێژینەوەی لەسەرکراوە و پەسەندکراوە و ئێستا لە باغچەی ساوایانی ئەو وڵاتە دا بەرەسمی پەیرەو دەکرێت.

## ١= بنەما سەرەتاییەکان و شێواز لە پەروەردەکرندا

### گرینگی و بەها سەرەتاییەکان

باغچەی ساوایان لەسەر بنەمای دیموکراتی دامەزراوە، بۆیە دەبێ چالاکییەکانی ئەم یانەیە بەگوێرەی بنەما سەرەتاییەکانی دیموکراتی شێوازەبگرێت. کارمەندانی باغچەی ساوایان دەبێ تێبکۆشن بۆ هاندانی منداڵان بۆ زانینی ڕێزگرتن و بەهای ژینگە و کەسایەتی یەکتری.



ئەرکێکی زۆر گرینگ لەم چالاکیانەدا چەسپاندن و سەقامگیرکردنی ئەو بەهایانەیە کە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان پێرەوی دەکەن. خۆ تێهەڵنەقوران لە ژیانی یەکتریدا، ئازادی تاکە کەس و لەگەڵ یەك گونجان، هاوسەنگی بەهای گشتی مرۆڤەکان، یەکسانی لەنێوان نێر ومێ، هەروەها سۆلیداریتێ واتە فریاڕەسی پیر و پەکەوتوان و چەوساوان، ئەمانە بەردی بناغەی بە زیندوویی ڕاگرتنی کارکردن لەگەڵ منالاندا. هاوسەنگی و یەکسانی، سۆز و خۆشەویستی و ڕێز گرتن لە یەکتری، پێزانین بە ماف یەکسانی خۆ و بەرانبەر، پەیرەو کردنیان لە چالاکییەکانیاندا بە ڕوونی ڕەنگ بدەنەوە، لە بەر ئەوەی منالْ بە پراتیکەوە فێری ئاکاری جوان دەبێت، ڕوانگەو بۆچوونی گەورەساڵان کاریگەری خۆی لەسەر تێگەیشتنی منالان تۆمار دەکات، هەروەها لەسەر ئەوماف و ئەرکانەی کە لە کۆمەڵگایەکی پیشکەوتوودا جێکەوتووە، لێرەدایە کارایی گەورەساڵان ڕەنگ ئەداتەوە.

جا دەبێ لێرەدا بەهاو گرینگی تاکەکەس سەقامگیر بکرێت، ئەمکارانەش پێویستە لە شێوازەی دێموکراتیەوە سەرچاوە بگرێت. لێرەدایە گرنگدان بە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراتی کە گەشە بە هەستی بەرپرسیاری و بەدەربەستی لەناخی منالْدا سەقامگیر دەکات بۆ بەشداربوون لە چالاکیەکانی ژیانی کۆمەڵگا.

### سۆلێداریتێ و لێک گەیشتن

باغچەی ساوایان دەبێ کار بکات بۆ گەشەپێدانی بەهرە نادیارەکانی ناخی منالْ بۆ فێربوونی هەڵس وکەوتی کۆمەڵایەتی، هەستکردن بە بەرپرسیاری تاکو، سۆلیداریتێ و لێبوردن لەناخی منالْدا چەکەرەبکات. هەروەها دەبێ هان بدرێ بۆ بەهێز کردنی هەستکردن بە خۆشی و ناخۆشی دەوروبەریان. ئەم چالاکیانە بە مەبەستی دڵسۆزی بەدەربەستبوونی کەسانی دەورووبەر دەبێ لە ئاکاری چاودێریکردنی تاکە کەس دا ڕەنگ بداتەوە. خواستەکانی منالْ بە شێوازگەلی جیاواز خۆی بنوێنێ بۆ گۆڕینی بیر و بۆچوون دەربارەی پرسیارە گرینگەکانی ناخ و ژیانی ئەوانی تردا.

(دیاردەی فرە ڕەگەزی و فرە کولتووی لە وڵاتی سوید دا کاردانەوەی لەسەر باغچەی ساوایان هەیە، ئەوەش خۆی لە خۆیدا ڕێخۆشدەکات بۆ کارکردن لەسەر ئەوەی کەمنالْ سۆز و ڕێزێکی تایبەتی تیادا دروست بێت بۆ سۆلیداریتێو پێکەوە ژیانی ڕەنگ و ڕەگەز و کولتوری جیاواز).

## راستییەکان و فرە لایەنەکان

باغچەی ساوایان پێویستە کراوەبێ بۆ بۆچوونی جیاواز، کاریش بکرێت بۆ گەیاندنی ئەو بۆچوونانە. ڕێگە بەهەموو منالێك بدرێ بۆچوونەکانی خۆی دروست بکات و هەڵیبژێرێ. بەشداربوون و باوەڕکردن بە بەهرەکانی خۆی بەو شێوەیە سەقامگیر بکرێت و پەرە بستێنێ. باوکان و دایکان لەسەر هەمان باوەڕو ڕوانگە منداڵەکانیان بە باغچەی ساوایان بسپێرن، لەهەمانکاتدا باوك و دایکانیش دەبێ وریابن کەمناڵەکانیان دووچاری کاردانەوەی یەك لایەنە نەبن بەقازانجی تەنیا بۆچوون یان لایەنێك. هەموو ئەوانەی کە لەباغچەی ساوایاندا کاردەکەن کاربۆ ئەو بنەما بەهادارانە بکەن کە لەم بەرنامەدا ئاماژەی پێ کراوەو بە ئاشکرایی نکۆڵی لەو بابەتانە بکەن کە لەگەڵ ئەم توێژینەوە بەهادارانەدا ناتەبان.

شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەورەسالان لەگەڵ منداڵانی نێرو مێدا هەروەها ئەو داواکاری و چاوەڕوانیەی کە لێیان دەکرێ، وادەکات کە بڕواو نیازی کوڕو کچ شێوازە بگرێت و پرسیارێك دەخولقێنێ کە ئایا دیاردەی نێرینە و مێینە چیە؟

(لە زمانی زانستی کۆمەڵایەتیدا ئاماژە بۆ بابەتێك دەکرێت بەناوی CONSTRUCTION کەواتە (دروستکراو). ئەم مەفهومە لەسەرەتای گەشەپێدانی ئەم زانستەدا وەکوو وتراوەیەك ئاماژەی بۆ ئەکرا بەڵام لێکۆڵینەوەی قووڵی لەسەر نەکرابوو، لەساڵەکانی ٦٠-٧٠ کاندا فیمینیزم سەری هەڵدا و کردیە بابەتێکی لێکۆڵنەوە دەربارەی مەفهوومی مێیینە و نێرینە. فێمینیستەکان ئەم هەلەیان قۆستەوەو بانگەشەیان بۆ ئەوە کرد کە دیاردەو مەفهوومی نێرینەومێیینە مەفهوومێکی دروستکراو و داتاشراوی کۆمەڵگایە). وەرگێڕ

لێرەدا دەبێ باغچەی ساوایان کاربکات بۆنەهیشتنی کەند و کۆسپ لە ڕێگای گەشەکردنی بەهرە و توانای ناخ و جەستەی کچان و کوڕان. باغچەی ساوایان دەبێ لە هەموو حاڵەتێکدا کاربکات بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی تا ئێستا ئاماژەیان پێکراوە لە چوارچێوەی فێرکردن و بارهێنان. کاری باغچەی ساوایان دەبێ لەم خاڵانەی خوارەوەدا ڕەنگ بداتەوە کە هەر تاکەمناڵێك هەست بە بارو دۆخێکی چاك و ئاسایش بکات، بەباشی فێر بێت و پێشکەوێت. هەروەها ڕێزگرتن لە جیاوازی خواست و نیازی هەر تاکە منالێك. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنی کە شێوازەی چالاکییەکان لە گشت باغچەی ساوایاندا وەك یەك نابن، هەربۆیە دەبێدارایی باغچەی ساوایان لەگشت شوێنێك دا وەك یەیك دابەش نەکرێت.

## ئەرکەکانی بەڕێوەبەرانی باغچەی ساوایان

باغچەی ساوایان دەبێ بەردی بناغەی فێربوونێکی درێژخایەن لە ژیانی مناڵاندا دامەزرێنێ، چالاکییەکان دەبێ دڵخۆشکەربن و لەبواری ئاسایش و زانستی نوێدا دەوڵەمەندبن. هەروەها دەبێ چاودێری، پەروەردە، فێربوون، هەموو ئەمانە لەناو چوارچێوەی چالاکی فێربوونی زانستی نوێدا ڕەنگ بدەنەوە. هاوکاری تەنگاوتەنگی مامۆستاو پەروەردەکاران، باوکان و دایکانی منداڵان هاندانێکە بۆ پەرەپێدانی هەستکردن بە بەرپرسیاری لەو کارەی کە پێی هەڵدەستن و ڕۆڵی مناڵان لە کۆمەڵگادا. باغچەی ساوایان دەبی کاریگەریەکی باشی هەبێ لەسەر کەس و کاری مناڵان لە بواری پەروەردەکردن، پێشکەوتن و گەشەپێداندا. لێرەدا هاوکاری نێوان ئەم دو تەوەرە گرینگە لە ژیانی مناڵدا، ڕێخۆشکەرە کە هەر تاکە منالێك بەگوێرەی بارو دۆخی گونجاو هەلی بۆ برەخسێنن. شێوازی فێرکردن ئەبێ بە گوێرەی بەهرە و توانای تاکە تاکەی مناڵان ئەنجام بدرێت. جا ئەگەر منالێك پێویستی بە یارمەتی تایبەت هەبوو تا لە هاوڕێیانی جێنەمێنێت دەبێ یارمەتیکوتوپڕ و تایبەتی بدرێت کە شێوازەی بگونجێ لەگەل پێویستییەکانی منالەکەدا. توانای ماموستایان زۆر گرینگە بۆ دەرك و لێکدانەوەی کەم و کوورییەکانی منداڵان، هەروەها لەگەڵ باوەڕی دایك و باوکاندا یەك بگرنەوە کە مانەوەی مناڵەکانیان لەم شوێنەدا جێی متمانەن. هەرکەسێك لەو منالانە دەبێ هەست بەوە بکات کە شتەکانی بە چاکی پێدەوترێتەوە ئەمەش وادەکات کۆسپەکان لەسەر ڕێگەی لادەچێ و دەتوانێ بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت هەروەها هەست بە گرینگی و قورسای کەسایەتی خۆی بکات لە ڕیزی هاوڕێیانیدا.

دەبێ بەڕێوەبەرانی باغچەی ساوایان لەوە تێبگەن کە هەر منالێك لە بارودۆخ و ژینگەیەکی جیاوازدا دەژین، ئەمانە هەموو کاردانەوەی سایکۆلۆژیان لەسەر بۆچوون و ڕوانگەی منالدا دەبێت. هەروەها تاقیکردنەوەی جیاواز لەلای منال دروست دەکات کە دەبنە بنەما بۆ دروستبوونی شێوەی بیرکردنەوەی جیاواز. جا گەورە سالان دەبێ یارمەتی منالان بدەن بۆ گەشە پێدانی بڕوا و باوەڕ بەخۆبوون. دەبێ ئەم چەن شتانەی خوارەوە لەبەرچاو بگیرێ (فزوولی) ڕووداری، حەز و خواست و ئارەزوو بۆفێربوون. یەکێك لە ئەرکە گرینگەکانی باغچەی ساوایان دەبێ ڕەچاو گرتنی بەهرەکانی منالْ بێت لەبواری کولتووریدا، بەهای شوێنەوارە کولتوورییەکان، داب و نەریت، مێژوو، زمان و زانست کە ببێتە پێگەیەك بۆ گەیاندنیان بە نەوەکانی داهاتوو.

لە کۆمەڵگە نێونەتەوەییەکاندا کە (سوێدیش یەکێکە لەوان)ە باغچەی ساوایان چەندەها مەرجی جیاوازیان بەسەردا سەپاوە. دیارە ئەوانەش تێکەڵاو بوونی چەن کولتوورێکی فرەڕەگەزیە کەوای کردوە پێویستییەکان و نیازمەندییەکان زۆرتر و دەوڵەمەندتر بن. ئەمانە ڕێ ئاواڵە دەکەن کە مناڵان بەئاسانی لە بەشێکی زۆری کولتووره جیاوازەکان تێبگەن. جا لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە باغچەی ساوایان دەبێتە سەکۆی کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتییەکان کە بەهرەکانی مناڵان بەهێزتر دەکات و ئامادەیان دەکات بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ئایەندەی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی. وشیار بوونەوەی مناڵ دەربارەی کەلەپووری خۆماڵی و بەشدار بوونیان لە کولتووره جیاوازەکان ڕێخۆشکەرە بۆ پەرە پێدان و بەهرەمەند بوونی مناڵان تا بتوانن لە فەرهەنگ و کولتووری یەکتری تام و چێژێکی تایبەت بەرن. باغچەی ساوایان دەبێ هاوکاری تایبەتی بە مناڵانی نەتەوە کەمایەتییەکان و کۆچبەران بکات، هەروەها ئەو هەلەیان بۆ برەخسێنن کە شوناسنامەی کولتووری خۆیانیان پێ بناسێنن تا تێبگەن کە ئەوان دوو کولتوورین.



باغچەی ساوایان دەبێ ڕێخۆشکەربێ بۆ دروستکردنی کەش و هەوایەکی لەبار هەروەها هانی مندالان بدات بۆ چالاکیە سوودبەخشەکان و ڕابواردن و پشکنین و تاقیکردنەوە. لێرەدا ڕوو بەڕووبوونەوەی پەروەردەکاران بۆ دۆزینەوەی بەهرە و تواناو نیازی هەر مناڵێك گرینگە، هەروەها خۆ تەرخانکردن بۆ بارهێنانی مناڵ وەکو تاکەکەس یا گورووپ. توانای مناڵ بۆ دروستکردنی پێوەندی، گەڕان بەدوای زانیاری و توانای هاوکاریکردن، پێویستن لە کۆمەڵگای ئیمڕۆدا لەبەرابەر فرەزانیاری و گۆڕانکاریە خێراییەکاندا.

باغچەی ساوایان دەبێ وەك بنکەیەکی فێرکردن بێت بۆ مناڵ تابتوانێ بە ئاسانی ئەو زانیاریانە بقۆزێتەوە کەبۆتە سەرچاوەیەکی هاوبەش هەمو کەسێ لە کۆمەڵگەدا پێویستی پێیەتی.

پێویستە ڕێ بەمنداڵان بدرێت کە گەشە بە توانای کارکردن بدەن. کارکردن بۆ وەدیهێنانی کەش و هەوایەکی کولتووری و کۆمەڵایەتی ئەرکێکی گرینگی باغچەی ساوایانە بۆ گەشە پێدانی تواناکانی مناڵ لە بواری پەیوەندی و هەلس و کەوتی کۆمەڵایەتیدا. هەروەها ئیمکاناتی باش بۆ مناڵ برەخسێنرێ کە وەك تاکەکەس قووڵ بێتەوە لە هەر پرسیار و گیرو گرفتێك کە دێتە سەر ڕێگەی و گەڕان بەدوای چارەسەر کردنی. یاریو گەمە بۆ گەشەپێدان و فێربوونی هەرمناڵێك گرینگە. جا لێرەدا کارکردن بۆ هەڵبژاردنی بەئاگاهانەی هەر یاری و گەمەیەك لە چالاکییەکاندا دەبێ ڕەنگ بداتەوە.

شێوازی جۆراوجۆری یاری و بە تامەزرۆییەوە فێربون، ڕێگا خۆشکەرە بۆ پەرەپێدانی فەنتازی، تێکەڵاوبوون و سیمبۆل لە بیرکردنەوەیدا ڕەنگ بداتەوە.

لە ڕێی ئەم یاری و گەمە داهێنەرانەدا مناڵان دەتوانن ئیمکاناتێکی باشیان تیادا دروستبێ بۆ دەربڕینی تێگەیشتن لەمەڕ هەست و جۆش و خرۆشی تاقیکردنەوەکانیاندا. هاندانی مناڵان بۆ فێربوونی بابەتگەلێکی جۆراوجۆر ڕێخۆشکەرە بۆ ڕەخساندنی هەل و مەرجی گفت وگۆی سوودبەخش لەنێوان پەروەردەکاراندا کە ئایا مەبەست لە زانیاری و فێربوون چییە؟ چونکو زانیاری تاکە مانایەك نابەخشێ، بەڵکو زانیاری بەشێوەی جۆراوجۆر بە مناڵ دەگەیەنرێت لەوانە ڕاستییەکان، تێگەیشتن لەوڕاستیانە، دروستبوونیان و بڕوا پێکردنیان، لەهەمانکاتدا ئەمانەش ئاوێتەی یەکترین

چالاکییەکان دەبێ لە تاقیکردنەوەی ژیانی مناڵان، حەزەکانیان، خواستەکانیان سەرچاوەبگرن، هەروەها چ شتێك پاڵیان پێوە دەنێ کە بەدوای زانیاریا بگەڕێن.

یاریکردنی سودبەخش، پشکنین و داهێنان لەگەڵ ئەوانی تردا زانیاری بە منداڵ دەبەخشێت. بەگوێرەی بابەتێکی داڕێژراوی شێوازی کارکردن، تواناکانی جۆراو جۆری مناڵ پێکەوە پەیوەست دەکات. ئەمجۆرە یاریانەش پێویستە لەسەر بنەمای

دان و وەرگرتن شێوازە بگرێت کە لە نێوان منالآن خۆیان و گەورەسالآندا بەرپادەبێ. منالآن لەگەڵ یەکتردا بەکۆمەڵ ڕۆڵێکی گرینگ و چالاکیان دەبێ بۆ گەشەپێدان و فێربوون. لێرەدا ڕۆڵی پەروەردەکاران دەبێ ڕوون و ئاشکرابێ بۆ دروستبوونی بۆچوونێکی پۆزەتیڤ و باوەڕ بەخۆ لەناخی منالدا کە ئەو کەسێکی داهێنەرە. هەروەها هەر منالێك باوەڕی بەخۆی هەبێت کە ئەم بەهرانەی تێدایە، وەك خۆ بیرکردنەوە، ڕاهێنان، جم و جۆڵ و فێربوون و هتد. بۆیە دەبێ پێگەیاندنی هەر منالێك لە چەن ڕوانگەیەکەوە سەرچاوەی گرتبێت، وەك ڕۆشنبیری، زمانەوانی، ڕەوشت، پراکتیك و جوانبینی و جوانناسی.

هەوڵی پەروەردەکاران گرینگە بۆ ڕێنوێنی و ئاواڵەکردنی مێشکی منالآن کە بتوانن بە هۆی چالاکییەکانەوە پەرە بە بۆچوون و تواناو زانیارییەکانیان بدەن. لێرەدا ڕەچاو گرتنی پەروەردەکاران بۆ داهێنانی هاوسەنگییەك لە شێوازی جیاوازی زمانەوانی و جۆری فێربووندا مەرجێکی گرینگە بۆ دروستبوونی زانیارییەکی هەمەلایەنە. زمان و فێربوون دوو دیاردەی پێکەوەبەستراون هەر وەها زمان و پەرەگرتنی شوناسنامە. لێرەدایە قورسایی ئەرکی باغچەی ساوایان کە بتوانێت پەرە بدات بە زمانەوانی هەموو منالێك و بەرەو پێشیان بەرێت. بە چاوێکی ئاواڵەوە بڕوانێتە حەز و ئارەزوو و ڕووداریەکانی منالآن و بەرەو جیهانی زمانی نووسراوەیان بەرێت. منالانی ڕەگەز جیاواز دەرفەتێکی چاتریان هەیە بۆ پەرەپێدانی زمانی ڕەسمی ئەو وڵاتەی کە تیایدا دەژین، لەکاتێکدا ئەگەر ئە و دەرفەتەیان بۆ برەخسێنرێ کە زمانی دایکی خۆیان بەهێزکەن و لە بواری زانستی تردا پێشکەون. باغچەی ساوایان پێویستە هەوڵێکی بەرچاو بدات بۆ ئاسانکاری منالانی دووڕەگە تا لە زمانی ڕەسمی وڵاتەکە و زمانی دایکی بە باشی بەهرەمەند بێت.

شێوازی داهێنان و ڕاهێنان لە ناخی منالآندا بە هۆی ئەم بابەتانەی خوارەوە جێگیر دەبێ. لەوانە نیگارکێشان، گۆرانی، مۆسیقا، شانۆ، (ڕوتمیك) واتە ئیقاع، سەما و هەڵپەڕکێ. سەرەڕای ئەم خالانەی سەرەوە هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی داهینان و ڕاهێنان لەڕێگەی نووسین و پێکەوەدوان و پێکەوەژیان تا ئەو ڕادە دەبنە ناوەرۆك و ڕێبازێك بۆ باغچەی ساوایان کە هاندەربێت بۆ گەشەپێدانی فێرکردن و بارهێنانی مندالآن. ئەمانە و چەن بابەتێکی تری پێشکەوتو خوازانە دەبنە هۆی دروستبوون و هاتنەمەیدانی نەوەکانی دواڕۆژ. لەوانە داهێنان، کەڵك وەرگرتن لە ماتریاڵ و تکنیکی نوێ، هەروەها کەڵك وەرگرتن لە شۆڕشی تۆڕی زانیاری و تەکنەلۆژیا و مولتیمێدیا.

باغچەی ساوایان دەبێ گرینگی بدات بە پارێزگاری ژینگە و گیروگرفتەکانی سروشت. بۆچوونێك و هەڵوێستێکی ئیکۆلۆژی هەروەها باوەڕ بە دواڕۆژێکی ڕووناك، لە چوارچێوەی چالاکییەکانی باغچەی ساوایاندا بدرەوشێتەوە. کارکردن بۆ تێگەیشتن و دروستبوونی هەڵوێستێکی وشیارانە لەناو منالآندا پێویستە، کە پارێزگاری لە ژینگە و سرشت بکەن و هەست بە گرینگی بەشداربوونیان لە مردن و ژیانەوەی سروشت دا بکەن.



منالآن دەبێت لە ڕێی ئەم چالاکیانەوە لەوە تێبگەن کە کار و کردەوەی ڕۆژانەیان ڕیخۆشکەربێت بۆ پاراستن و گەشەپێدانی سروشتی ئێستا و داهاتوو.

کەش و هەوایەکی گونجاو و چاودێرییەکی شیاو و کونجاو و دڵسۆزانەی پەروەردەکاران، پێویستە هاوسەنگییەکی گرینگ بێنێتە کایەوە لە هەڵس و کەوتدا بەرانبەر بە مندالآن، بە گوێرەی تەمەن و ماوەی مانەوەی ڕۆژانەیان لە باغچەی ساوایاندا. منالآن توانای ئەوەیان هەبێت کە گۆڕانکاری لەچالاکییەکانیاندا بکەن، چالاکییەکانیش ڕێخۆشکەربن بۆ بەهێز کردنی بەهرە و توانای منالآن لە بواری پیلانگێران، فانتازی و داهێنان لە یاری کردن و فێربووندا لە ناوەوە و لە دەرەوە باغچەی ساوایان. چالاکییەکانی دەرەوە دەبێ دەرفەتێك برەخسێنێت بۆ یاریکردن و جم و جۆڵی جۆراوجۆر لە یاریگەکانی دروستکراوو سروشتیدا.

کۆتایی بەشی یەکەم

## عەلی کیتابی لە مووچەی خانە نشینی خۆی یانەیەکی منداڵانی لە گوندێك کردۆتەوە

### کە چوومە ئەوروپا و پەروەردەی ئەویٚم بینی بیرۆکەی ئەم یانەیەم لا دروستبوو

رِئوف محەمەد ئالانی

پێشتر زۆرم دەبیست کە لە تواناداا نییە کاری لەو جۆرە بکرێت، بەڵام کە کاتێك کە سەردانی یانەی سارام کرد لە گوندی زڕگوێزی گەورە ئەم گومانەم ڕەویەوە کە چۆن کەسێك دە توانیٚ ئەم کارە بکات و تا ڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بووە، بەبیٚ ئەوەی پشت بە دینارێکی حکوومەتی هەرێم ببەستێت. زەنگی موبایلەکەم وەئاگای هێنامەوە هەواڵی ناوەکەمی پرسی، وتی: کاکە خۆشحاڵ دەبم لە نزبکەوە یەکتر ببینین، ژمارەکەتم لە بەر پرسی لاپەڕەی ڕێپورتاژەوە وەر گرتوە. شوێنی یەکتر بینینمان دیاری کرد، بەیانی کەوتمە ڕیٚ تا بگەمە شوێنی دیاریکراو، پێش ئەوەی بگەمە شوێنەکە بە موبایلەکەی وتی: بۆ ئەوەی من بناسیەوە، پیاوێکی سەر سپیم و جلێکی کوردیم لەبەردایە و جانتایەکم پێیە، بەهەرحاڵ کە هاتە پێش خۆی ناساند و وتی: من ناوم (عەلی کیتابی)ە یەکتر ناسینەکە بووە کلیل و درگاکان کرانەوە، وتی:حەز دەکەم پەلە نەکەی تابچم هەندیٚ سەوزە و میوە و خواردن بۆ منداڵەکان بکڕم، ساتیٚ هاتەوەلام چەن عەلاگەیەکی پڕکردبو لە سەوزەو میوە و خواردن، وام زانی بۆ خێزان و منداڵەکانی خۆی ئەم شتانەی کڕیوە، بۆیە هیچم نەوت و ئۆتۆمبیلەکەم لێخوڕی بەرەو گوندی زڕگوێزی گەورە، ساتیٚ گەیشتینە گوندەکە خانوێکی نیشان دان وتی: ئەم خانوەم بەکریٚگرتوە بۆ یانەکە، شێوازی خانوەکە جوان و گونجاو بوو، کەچووینە ناو بیناکە سەردانی ئەو منداڵانەم کرد کە زیاتر لە بیست منداڵ بوون لەقاتی دووەم لەژوورێکی جوان و ڕازاوەدا فەرشی جوان ڕاخرابوو لەسەر فەرشەکانیش کورسی بچوکی منداڵانە دانرابوو هەرکورسییەك منداڵێکی لەسەر دانیشتبوو، کاك عەلی یەکەبەیەکە منداڵەکانی ماچ دەکرد و قسەی خۆشی لەگەڵ دەکردن، ئەمە یەکەم دیمەن بوو لەتەمەنمدا کە کەسێکی لەو تەمەنەدا بەو جۆرە ببینم و سەرنجی ڕاکێشام. سەرەتا کاك عەلی ژمارەیەك گۆڤاری (جیهانی منداڵان)ی نیشاندام کە گۆڤارێکی وەرزیە دەربارەی منداڵان کە چاپ و وێنەو نووسینەکانی زۆر جوانبوون تا ژمارەی (١٤) چواردەی دەرکردبوو، ئینجا نووسینەکانی خۆی خستە بەردەستم



لە ڕۆمان و چیرۆك و بابەتی پەروەردەیی و ئەدەبی و وەرگێڕان کە زیاتر لە (٢٠) کتێبی دانراو وەرگێڕاوی هەیە، کەوتمە پرسیارکردن دەربارەی چۆنیەتی بیرۆکەی دروستکردنی ئەم یانەی منداڵانە، لە وەڵامدا وتی: یانەکەی لەبەهاری (٢٠٠٢) دا کراوەتەوە بە مەبەستی پەروەردە کردنی منداڵانی کوردستان. هەر وەهاوتی: بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم یانەیە دەگەڕێتەوە بۆ (١٢ ) ساڵ لەمەوبەر، کاتیٚ سەفەری سوێدم کرد و بەناچاری وڵاتم بەجێهێشت کە شێوازی، پەروەردەی

ئەوێم بینی کاری تێکردم و بیرۆکەی یانەیەکی لەم جۆرەم هاتە خەیاڵ، ئەوەبوو بیرم کردەوە ئەم یانەیە لە گوندێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی سەقز دامەزرێنم، بەڵام بەهۆی هەل و مەرجی سیاسی کوردستان نەمتوانی بە ئاشکرا یانەکە لە وێ دا بمزرێنم، بۆیە هەمان بیرۆکەم هێنایە شاری سلێمانی لەگەڕەکی ڕزگاری یانەکەم بونیادنا و دروستمکرد، لەوکاتەدا ئەو کەسانەی هاریکاریانکردم بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەم بیرۆکە لە کوردستاندا، برای نووسەر ڕەوف حەسەن ئەرکەکانی گرتە ستۆی خۆی و بە ئاکامی گەیاند، لە ئەورووپایش کاك شەهاب مەنمی هاوکار و پشتیوانم بوو. هەروەها سەبارەت بەوەی کێ هاوکاری مادی کردوە لەم پرۆژەیەدا وتی: تا بەئاکام گەیاندن و دەرکردنی ژمارەی (١) و (٢)ی گۆڤاری جیهانی منداڵان، لەپاش ئەوە خوینەرانی گۆڤارەکە یارمەتیان پێشکەش بە گۆڤارەکە دەکرد. بە ڕێژەی ٣٠٪، بەڵام ئەویتر کە دەکاتە ٧٠٪ هەر لەسەر شانی خۆم بوو. لەوەڵامی ئەوەی بۆچی گۆڤارەکە مانگانە نەبوو، دواتر کردت بە وەرزی، وتێ: بواری دەر کردنی گۆڤار سەخت و گرانەو بواری مادیش ڕێگربوو.بۆیە ناچار بووم بیکەم بە وەرزەگۆڤارێك دەربارەی مناڵان هەروەها وتی: ئەوساتانەی لەسوێدبووم بە فاکس و بەتەلەفۆن، پاشان بە ئیمێل بەردەوام پەیوەندیم بە یانەکەوە هەبوو. مامۆستا ڕەوف حەسەنیش لە کوردستان کاروباری یانەکەی بەباشی بەڕێوە دەبرد. بەهۆی پرۆسەی ئازاد کردنی عیراقەوە یانەکەم ڕاگرت، پاش ئەوە لە زستانی ئەمساڵ دا یانەکەم نۆژەن کردەوە و خۆم ڕاستەوخۆ سەر پەرشتی ئەکەم، ئێستا لە گوندی زرگوێزی سلێمانی ئەم خانوەم بەکرێ گرتوە بۆ یانەکە و نووسینگەی گۆڤارەکە، ڕۆژانە (٢٤) منداڵ دێنە ئێرە و مامۆستایەکم بۆگرتوە کە ڕۆژانە وانەی جۆراوجۆر بەمنداڵەکا بڵێت و کارگوزارێکیشم بۆ یانەکە گرتوە کە هەردووکیان خۆم مووچەیان دەدەمێ، سەبارەت بە تەمەنی منداڵەکان، وتی: تەمەنی ئەو منداڵانەی دێنە ئێرە لە ٣ساڵ تا پێنج ساڵە ئەمە وەك شێوازی باخچەی ساوایان وایە و یانەکەیش دوورە لە هەموو جۆرە بۆچوونێکی سیاسی و دینیو ڕەگەزپەرستی. پاش ئەوەی گوفتو گۆمان کۆتایی پێهات تا پشوویەك بدەین ئینجا کاك عەلی کیتابی وتی: بابڕۆین شوێنی دووەمی یانەکە، کەناوی ( هاوینەهەواری هەڵواسراوی منداڵان)ە



ببینین، چووینە ماڵێك، کاك عەلی لە درگایدا منداڵێك درگاکەی کردەوە یەکسەر منداڵەکەی ماچکرد و چووینە سەربانەکە لەوێ مەلەوانگەیەکی تایبەت بە منداڵانم بینی، پرسیم ئەمەچیە؟ وتی: لەپاش ئەوەی منداڵان وانەکان دە خوێنن دێنە ئێرە مەلەیان پێ دەکەین. ساتێ گەڕاینەوە یانەکە کاتی نیوەڕۆ هاتبوو، بینیم منداڵان خواردنیان بۆ ئامادە کراوە سەر و بابۆڵە لەفەیان بە دەستەوەیە خەریکی خواردنن، پرسیم ئەمە

کێ بۆیان دابین دەکات، وتی: لەسەر ئەرکی خۆم خواردن و خواردنەوەیان بۆ ئامادە دەکەم.

### مامۆستای منداڵانی یانەکە چی وت؟

مامۆستا ( بەهار حەمەئەمین عەلی) کەمامۆستایە لە یانەکە، جگە لەوەی کەباس لە پێدانی مووچەی خۆی لەلایەن عەلی کیتابی کردەوە، وتیشی: لە بەیانی سەعات هەشتەوە دێمە یانە سەرەتا منداڵان ریز دەکەم و فێری سروودیان دەکەم و ئینجا وەرزشیان پێدەکەم و پاشان سواری پاسکیل و ئۆتۆمبیلی منداڵانەیان دەکەم و ئینجا دەیانهێنمەوە ژوورەوە، وانەی ئامۆژگاریان پێدەڵێم، وەك ڕیزگرتنی دایك و باوك و مامۆستا و کەسانی تر، بەنیازین منداڵان بکەین بە دوو قۆناغ، بەگوێرەی تەمەنیان چیان پێویست بێ پێیان بڵێین، هەروەها وتی:هەموو ڕۆژانی سێشەممە دایکانی منداڵەکانیش کۆدەکەمەوە لەسەرشێوازی پەروەردە کردنی منداڵەکانیان قسەیان بۆ دەکەم. پاش ئەوەی چوومە ناو منداڵەکانەوە ئاواتم دەخواست بۆ گشت منداڵانی کوردستان، بەم شێوازە بە پەروەردەی دروست و هاوچەرخ ڕابهێنرێن، ئینجا چەن منداڵێکم بانگ کردن، کەئەم ناوانەبوون، ( لەنیا تەها، شێنێ محەمەد، شاجوان محەمەد، هیران حەمەجەزا) هەریەکەیان بەوەڵامە ساکار و منداڵانەکەی خۆیان گوزارشتیان لە خۆشی و شادمانی دەکرد و دەیانوت: حەز دەکەین هەموو ڕۆژێك بێینە یانە، ئێرە زۆر خۆشە.

### دوا وتەی عەلی کیتابی

عەلی کیتابی پێی وایە: پێویستە گشت گوندەکانی کوردستان یانەی منداڵانی تێدابێت، چونکە ئەم یانانە بەردی بناغەن بۆ ژیانی شارستانی و مەدەنی، وتیشی: داواکارم حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاوکارم بێت تا ئەم یانەیە بکەینە سەنتەرێکی گەورەی منداڵان.

بەباشمزانی بواری دارایی عەلی کیتابی بپرسم، لەوەڵامدا وتی: سەرچاوەی داراییم تەنیا مووچەی خانەنشینی وڵاتی سوێدمە و فرۆشتنی نووسراوە و کتێبەکانمە کە ئەم یانەی پێ بەڕێوە دەبەم.

## ئامانجی بنەڕەتی

### پێکهاتەی یەکگرتووی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی دایکانی منددالآنی یانەی سارا بەکورتی ئەم خالآنەی خوارەوەیە:

**١ - بەداخەوە فەرهەنگی پێکەوە ژیانی (ژن و مێرد) واتە دایك و باوك! لە کۆمەڵگای دەور و بەر و کوردەواریماندا پڕن لە ناکۆکی و دژایەتی بیر و بۆچوون لە کاتی کار و کردەوەی ڕۆژانەماندا بەدرێژایی ژیانمان ڕەنگی داوەتەوە و تیکرار دەبنەوە. زۆر جار دەگەنە ئاستی شەڕو ئاژاوەی نیوان باوك و دایك، تا ئەوئاستە دایك ناچارە بە تۆراوی و دەست و پێ شکاوی، زولف هەڵکەنراوی کۆرپە بەباوش و منداڵ بە کۆڵ بگەڕێتەوە ماڵەباوانی. چونکە ماف و توانای بەرگری و پارێزگاری لە ماف و جەستەی خۆی نیە. بەداخەوە منداڵکانمان دەبنە قۆچی قوربانی بۆ ئەم فەرهەنگ و نەریتە کۆن و پرتوکاوە کە تەئسیری نیگەتیڤ لەسەر کۆرپەڵەی ناو سکی دایکیش دادەنێت و لەناو (مولوکولی شادەمارەکانیدا وەك غەریزە جێگیر دەبێت.**

**٢- ئامانجی بنەڕەتی و ئاواتمان فێر کردن و بارهینان و وشیار کردنەوە و گەشەی زانیاری و فکری‌و کردەوەییە لە گشت بوارەکانی ژیانی هاوسەری و هاو سەرینی دایکان و باوکان و تاکە کەسی و هاوبەشی بێ‌ڕیاو تەزویر لەناو خاو و خێزان و کۆمەڵگەدا، ئەڵبەتە بە شێوەیەکی زانستی مودیرنی هاو چەرخە بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکی و کێشەکانی دەروونی‌و بیرونی ناو خاوو خێزان و دراوسێ و کۆمەڵگەدا .**

**٣ - بە گوێرەی ڕا و بۆچوونی زۆربەی زانایان و پەروەردەکاران لە بواری فێرکردن بارهێنانی منداڵان لە سەرەتای پەروەردەکردنی بە کۆمەڵیاندا، بەتایبەت (باخچەی ساوایان) ئەگەر ڕۆژانە بە هەر شێوەیەکی شیاو و پێشکەوتوانەی هاو چرخیش پەروەردە بکرێن، کە دوانیوەڕۆ گەڕانەوە ناو خاوو خێزان و باوەشی گەرم و گوڕی دایك و باوکی دواکەوتوو و خورافە پارێزیان ، ئەوەی پیش نیوەڕۆ لە باخچەی ساوایان فێر کراون و فێری بوون، وەك بەرخۆلەیەك کە تاوی لەمەو پێش لەناو مێرگ و چیمەنی پڕ لە هەڵاڵە و گوڵاڵە و دنیایەکی ڕووناکەوە گەڕابێتنە ناو کۆزێکی تەنگ و تاریك، یان گۆمێکی لیخن و ناشیرین، بێ ئەوەی توانای دەربازبوونیان هەبێت تیایدا گیرۆدە دەبن، مامۆستاو فێرکارەکانیشیان ناخواستە ڕەنج بەخەسار دەبن، ناکرێ و ناتوانن (وەزیفە)کەیان کە فێرکردن و بار هێنانە بە شێوەی مودیڕن و پیشکەوتوانە پەروەردە و پیشکەشی گەل و نیشتمان و کۆمەڵگەی نێو نەتەوەیی‌یان بکەن.**

**بە بڕوا و بۆچوونی‌من هەر بەو ئەندازەی پەروەردە کردنی منداڵ لە باخچەی ساوایان دا پێویستە کە دەبنە بەردی بناغەی کۆمەڵگای مەدەنیەت: ئاوایش فیرکردن و بار هێنانی دایکان و ئاشنا کردنیان بە وەزێفەی هاوسەریەتی و دایکایەتی‌و هاوسێیەتی و کۆمەڵایەتی بە شیوەی زانستیانەی هاوچەرخ پیویست. ئەوسا دەتوانرێ بە یارمەتی‌و هاوکاری مامۆستا و مورەبی و دایکان و باوکان. نەوەیەکی نوێ پیشکەشی گەل و نیشتمان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بکەین.**

**بەر پرسیار و بونیانگوزاری یانەی سارا و گۆڤاری جبهان مناڵان**

**عەلی کیتابی** 2005/8/10

بەیادی پیرۆزی و دڵسۆزی و خۆشەویستی بێریاو تەزویری قۆناغەکانی منداڵیو مێرمنداڵان و نەفرەت لە سەرەنجامی دژایەتی و دوژمنایەتی گلاوی ئیدئۆلۆی کە ماکەومایەی بەدبەختی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە . ؟!



## کـــەشتی خـــەیاڵ

هۆنراوەی مامۆستا مەلا عومەری میشیاو (نەخۆش)

بە سواری کەشتیە شرەی خەیاڵم
لەناو بەحری خەما دایم ئەناڵم
بە بێکەسی و مەئیووسی و ئەقارب
چ سوودی بۆ منە سامان و ماڵم
بەوەڵڵاهی دڵم وەك نەی ئەناڵێ
هەرچەن لەناو تەلاربم بەس بێحاڵم
وەکو قەقنەس وەهام ئەگەر بیناسی
بەناو زیندوم بەڵام خۆ موردە حاڵم
ئەمانەی کە پێنووس هێنایە تەحریر
دلۆپێك بوون لە دەریاکانی حاڵم
ئەگەرچی دوورکەوتووم لە خزم و خوێشم
بەڵام ئەو دووریە نەفعە بەحاڵم
بارانی زەحمەت ئەرژا بەسەرما
هەتا نزیگ بوو لە خزمان ماڵم
ژاراوی دۆست و خزمانت برام
دوای خستم لەهاوەڵان ئێستا ئەناڵم
خوا هەرتۆی پشتو پەنای هەموو کەس
تەمەنای عەتفت ئەکەم (نەخۆشە) حاڵم

*** *** ***

مامۆستا مەلا عومەری (میشیاو) پوورزازای باوکم لە گوندێکی دەورو بەری (شاهێندژ) واتە ساین قەڵا لە بنەماڵەیەکی هەمیشە هەژار و دەست کورت چاوی هەڵێنا و وێرای زێنەبی خوشکی تاقانە کوڕی باوك و دایکێ هەژار و موسوڵمانی ساویلکەی بێ زەرەرو زیان بوون بەتایبەت بۆ دەر و دراوسێ و کۆمەڵگا، ئەم دایك و باوکە ئاوات و ئامانجیان ئەوەبوو کوڕەکەیان بنێنە قوتابخانە وەك میرزا ئەوڵقادری خاڵۆی دەرسی دینی بخوێنێ و ببێتە مەلا و مینبەری مزگەوتی گوندێك پڕکاتەوە. بەڵێ سەرەنجام بە هۆی گیرانی خاڵۆی کە کادری حیزبی دێموکرات بوو ئەمیش فەقێیەکی باڵاخوێن و لە شاری بانە دا خەریکی درێژەدانی دەرسی دینی بوو، ئەم لاوە مێرمنداڵە دڵگەرمە بە خوێندنی دەرسی دینی و خەباتی نەتەوایەتی دیارە پەیوەندیشی بەخاڵۆیەوە هەبوو، بۆیە لە حوجرەی مزگەوتی جامێعەی شاری بانەوە هەڵات بۆ شلێر بووبە مەلای مەحمووخان لە گوندی نەرمەلاس و پاشان بووبە مەلای حەمەسدیقخان لەگوندی میشیاو. ساڵەها مەلای میشیاو و مامۆستای قوتابخانەی دینی گوندەکانی دۆڵی شلێربوو بەتایبەت گوندی میشیاوی حەمەسدیقخان و گوندی تاتانی مەحموودبەگی گوڵێ. مامۆستا عومەر توانی چەند نەسڵێك کۆلکە فەقێ و کۆلکە خوێندەواری پێبگەیەنێت. بەهۆی هەل و مەرجی زەمان و وشیار بوونەوەی لاوانی کۆلکە خوێندەواری پەروەردەی بیر و بۆچوونی مەلاعومەر، هەرکات شۆڕشی ئازادیخوازی گەلی کوردسانی گەرمین گەرمتر دەبوو، دیارە بەرژەوەندی خانیش لاواز و لەرزۆکتر دەبوو، حورمەتی مەلایش لای خان سارد و سڕ دەبۆوە. چونکە بەرژەوەندی (مالیك و مەلا) هەمیشە وەك گرێپووچکەیەك پیکەوە گرێدرابوون بەشلبوونەوە یان کرانەوەی ئەو گرێپووچکەیە ژیانی خان و مەلا

(موختەل) دەبوون! چونکە بە فتوای مەلا بەرژەوەندی خان دەپارێزراو بە گوێرەی حوکم و دەسەڵاتی خانیش زەکات و بەراتی مەلایی لە پاڵە و ڕەنجەران و ڕەش و ڕووتەڵەی کوردستان دەستێنرا. هەرکات شاگردەکانی مەلاعومەر بە پشتیوانی هێزی پێشمەرگە نافەرمانیان نیسبەت بە خان نیشان بدایە خان لە مەلا تووڕە دەبوو و مەلایش دەتۆرا و باری دەکرد و پاش ساڵێك زیاتر یاکەمتر دیسانەوە خان دڵخۆشی دەکردەوە و دەی هینایەوە بۆ گوندی میشیاو. چونکە بەرژەوەندی مادیو مەعنەوی مەلا و خان و خانزادەکان بە شێوەیەکی سروشتی تێك ئالأبوو، ئەوەبوو پاش ساڵەهای ساڵ کۆچەڵکۆچ سەرەنجام هەر لە گوندی میشیاودا کۆچی دوایی کرد. باوەڕ و ئیدئۆلۆژی بەرژەوەندی مرۆڤەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، تا ئەو قۆناغەی من و مامۆستا عومەر ئیدئۆلۆژی ئیسلامی و مارکسیستی نەچووبووە ناو شادەمارەکانی لەشمانەوە وەك دوو ڕۆح لە جەستەیەکدا بووین، کە ئیدئۆ لۆژی ئیسلام لە میشکی ئەودا و مارکسیزم لە مێشکی مندا وەك ئیدئۆلۆژی سەقامگیر بوون دژایەتی فیکری و ڕۆحیمان گەیشتە ئاستێکی ئاشتی ناپەزێر. مامۆستا مەلاعومەر خەونی خۆشی بەمنەوە دەبینی بۆم دەرکەوت لە خەونە خۆشەکانیدا چەند فریشتەیەك لە لایەن حوکوومەتی (ئیلاهی ئاسمانیەوە) من بڕفێنن و لە ئاوی کەوسەرم هەڵ کیشن و مێشکم بشۆنەوە و جا بۆ مامۆستا عومەم بەرەلاکەن، بەر لەوەی خەونەکەی مامۆستا عومەر بێتە دی، من بە وشیاری و ناچاری پەڕیوەی هەندەران بووم وپاش ٣ساڵ لە ئوروپا من ئیدئۆلۆژی مارکسیستیم لەمیشکی خۆمدا شۆردەوە ئیستا پێموایە گشت ئیدئۆلۆژیەکان وەك سەم و ویرۆسن لە میشك و ژینگەی مرۆڤایەتیدا، بەداخەوە مامۆستا عومەر بەو ئیدئۆلۆژییەوە سەری نایەوە، بەڵام خۆشبەختانە من میشکی خۆم لە گشت ئیدئۆ لۆژییەك شۆریوەتەوە، وە لەگشت ئیدئۆلۆژییەك (موتەنەفر) و بێزارم. دڵنیام ئەگەر تا ئستا بمایە مەلایی نەدەکرد.



## بائەمرۆو سبەینێمان، بە (دیلی) دوێنێمان، نەمێنێتەوە!

نوســـــــینی: کەیومەرس نیک ڕەفتار

ڤانکوڤەر - کەنەدا

گـوتراوە: (زەمـان، باشـترین مامۆسـتایە) بـەڵێ راسـتە، چـونکە بەتێپەڕبوونی کاتو رۆژو مانگو ساڵ، ئەزموونی تازەو تازەتر دێـنو تێپـەڕ ئـەبن. ئەقڵیـەتو زانسـتو تێـڕوانینو تێگەیشـتن، لەپەندی مێژوو کەڵك وەرئەگرن. بیروڕا بەرەو ترۆپـی گەشانەوەو لوتکەی ئامانجو ئارەزووەکان رێگا دەبڕن. لـەم رێبازە بەرێنـەدا- بـەڵام" مـەرج ئەوەیـە هۆشـیاریو کـات شناسـی، ئـەرك ناسـی، بۆخۆبـوون، دڵسـۆزیو ئـاوەزو زانسـتی رۆژو دەیـان ئـامڕازو کەرەسـەی پێویسـتی تـر کـە لەئـەزموونی زەمـان وەرئـەگیردرێ، لـەجێگای راسـتەقینەی خۆیانـدا بـەکاربهێنرێن. واتـا ئـەوەی ئەوروپیەکان لەئەزموونی سەدە تاریکەکانی ئەوروپا (سـەدەکانی نێوان ٤-١٦ز) وەریـان گـرتو راپـەڕینی (رێنیسـانس)ی سـەدەی هەفدەهـەمی پێك هێنـاو لـەپێناوی ئـەو هۆشـیاریو چالاکیانەدا، رێگای سەد ساڵەیان بەرۆژێك بڕی.

مێژووی بەڵگەداری ٦ هەزار ساڵەی رۆژهەڵاتی نـاوین، پێمـان رائەگەیەنێ: کەئێمەی (کورد) یەکێ لەکۆنترین میلـەتانێن کـەپێش تـاریخ تائێسـتا لەسـەر مەڵبەنـدو هـەرێمو خـاکی باوباپیرانمـان ژیـاوینو هـەڵسو کـەوتمان کـردووە[1]" هەرچـەند کـەناومان وەکـو (کـورد) بۆیەکـەمجار لـەزمانو زەمـانی (گەزەنـەفون)و هێـرودۆت- ەوە لەم لاوە هاتووەتە ئاراوەو بووەتە هۆی شارەزایی جیهانیان[2].

ئێمەش با لەشـەقازلەکانی مێـژوو پەنـد وەربگـرینو پەنـدەکان بەکاربهێنین- بائەو شەقازلانە چەند پاتو سـەد پـات نەکرێنـەوە. چونکە لەهەرشوێنێ بەرپەنگی زیان بدرێتەوە قانجازە.

[1] - مینورسـکی ئەنووسـێت: (بـەبیرەوەری مێـژووی مـرۆڤ، کەسـێ ناناسـرێ کـەپێش تـر لـە (کـورد) لـەم سـەرزەمین-ەدا بووبێـت) (کـورد) وەرگێڕاوی حبیب الله تابانی لاپەڕەی ٩٢.

[2] - نزیکەی ساڵی ٤٠٠ پز کەتائێستا نزیکەی ٢٤٠٠ ساڵە.

رەنگ بێ بتوانین بێژین (نیکتیین[٣]) رۆژهەڵاتناسی رووسی تاڕادەیەك بێ لایەنانە لەبارەی مێژووی (کوردو کوردستان)ەوە، لێکۆڵیوەتەوەو ئیشەکەشی پسپۆڕانە بووە. نیکتیین لەکتێبە بەنرخەکەیدا دەنووسێ: (تیرەکانی کورد ناتوانن لەنێوان خۆیاندا بەئاشتیو سەرخۆشی ژیان بەسەر بەرن[٤]. ئەمەش تایبەتمەندیەکە" بگرە لەنێوان هەموو- دانیشتوانی مەڵبەندە شاخاوی-یەکانیو وڵاتانی تریشدا بەدی بکرێ[٥]).

بەڕاستی ئەوەی کەنیکتیین وەکو (تایبەتمەندی تیرەکانی کورد) لێی دواوە، ئەوجۆرە ئەندێشەو، رەفتارو کردارەیە کە بۆ راگرتنو بەردەوام بوونی تیرەو تایفەو هۆز لەکۆمەڵگای بچووكو داخراوەداە، تۆزی رەسەنایەتی لێ نیشتووەو لەچوارچێوەی بیروڕایەکی بەرتەسكو بێ دەرەتاندا خۆی لەئامێز گرتووە. شکاندنی ئەم قاڵبە جموجۆڵ لێ بڕاوە، راستە کەنیازی بەماموستای زەمان هەیەو زەمانیش بەتێروتەسەل بۆ کورد یان باشتر ئەوەیە بێژین بۆ کوردی تانوپۆ، کوردی لێ وەشاوەو تێگەیشتوو بەواتای هەمەلایەنە، نەڕەخساوە، یان کەمتر رەخساوە. سەرنجی رێکەوتەکانی دوورو نزیکی مێژووی دێرینی گەلی کورد، ئاشکرای ئەکات کەهەرکاتێ بڕیار بووە هەنگاو بۆ بەرەوپێشەوە نان، بۆ گەیشتن بەکاروانی وڵاتە پێشکەوتووەکان لەلایەن دڵسۆزانو خەباتگێڕانو رۆشنبیرانو زانایانی کوردەوە وەربگیرێ، یان وەرگیراوە" لایەنگرانی بڕێ بیروباوەڕو دابونەریتی بێ کەڵكو زیانبارو تیوورکاوی هەرە کۆن کەئەش زانین ئەو بیروباوەڕو دابونەرێتانە، نارەسەنو داسەپێنراون، ئەو بڕیارو هەنگاوانەیان بەسووچی نەبەخشراو لەپێنووس داوەو رێگای بەرەوپێشەوە رۆیشتنیان لەڕێڕەوان داخستووە!

ئەو دابونەریتانە، یان ئەو بیروباوەڕە هەرەکۆنە زیانبارانە، کە لەبۆتەی ئەزموونی هۆزو خێڵو عەشیرە، یا فەرهەنگی داخراوی- میلەتی پەرژوبڵاوی کورددا، جێگا بەجێگا ئەندێشەو بیروڕای گەشو پێشکەوتوخوازانەی لەچوار مێخەو، سێدارە داوە!، نەك تەنها- ئەیەوێ هەموو عەشیرەو هۆزو، خێڵەکەی خۆی بۆ هەتاهەتایە لەچوارچێوەیا باشترە بگوترێ لەو قەفەسە تەنگو تاریكو تەلبەندەدا، بەکۆتو زەنجیرەوە بمێنێتەوە" بەڵکو لەگەڵ هەر لایەنێکی تریشدا، کەئەو بیروباوەڕو رەوشتە ناپەسەندانەی نەبێ، بەشەڕ دێتو دەست بەکارئەبێ تا بەئەوپەڕی توانایەوە تۆڵەی لێ بکاتەوە. بێگومان بۆ سەرشۆڕکردنو بچووك کردنەوەو تەنانەت لەناو بردنیشی، تاوانباری ئەکاتو تۆمەی ناڕەوای پێوە ئەبەستێو پیلانی ناجوامێرانەی بۆ ساز ئەکات کەگوایە لەڕێگای راستی ئایینو دینو مەزەبی خواو پێغەمبەر لای داوە، تا بەم پڕوپاگەندانەوە، بیروڕای گەل بۆلای خۆی راکێشێو هەق بەناهەق پیشان بدرێت. لای کەم ئەزموونی چەندەها دەساڵی ئەم دواییەی وڵاتانی هاوسنووری کوردستانی گەورە، ئەبێ ئێمە لەخەوێکی سەنگین داچڵەکێینو ورياترو هۆشیارترمان بکاتەوە. قەڵغانی ئایینی یان قەڵغانی زۆرو فەریو، زێڕ بۆ ئەبێ لەو سەدەی بیستو یەکەمەدا، هێشتا بەهەڵواسراوی وەکو شمشێری دامۆکلێس، بەسەر سەرمانەوە رابگیردرێ.

بەکورتی ئەم چەشنە بیروباوەڕە دواکەوتووە زیانبارانە، تاڕادەیەکی زۆر بوەتە هۆی ئەوە کە تائێستا بۆ میلەتی چل ملیۆنی کورد، زەروورەتی پێکهاتنی دەوڵەتێکی راستەقینەو نەتەوە وپەروەر کە لەهەموو حیزبو چینو دەستەو هۆزو عەشیرەتەکانی میلەتی کرد، پێکهاتبێت" هەستی پێ نەکراوە. یان ئەگەر هەست کراوە، بۆ وەدەستهێنانی ئەوجۆرە دەوڵەتە" تێکۆشانێکی زانستمەندانەو دڵسۆزانەو سیاسەتمەدارانەو پتەوو، بێوچانو لێ بڕاوانە لەئارادا نەبووە" یان بووە بەڵام بەو هۆیانەی سەرەوە هیچ کاتێ تائێستا بەئاکام نەگەیشتووە. ئەقڵیەتی ئێستای گەلی کورد ئیتر نابێ دەرفەت بدات کەئیمڕۆو سبەینێمان لە (ئیسارەتی) دوێنێماندا، بمێنێتەوە. ئەوەی شایانی باسو جەختە، ئەوەیە کەئێمە وەکو میلەتی گەورەی کورد، ئەمڕۆ ئیتر ئەبێ خۆمان تەیار بکەین (بەهەموو واتایەکەوە) کەبەرەو قافڵەی گەلانی پێشکەوتووی جیهان، هەنگاوی هۆشیارانەو پڕمتمانەو دڵسۆزانە کەپشتی بەزانستی هەمەچەشنەی ئەمڕۆی دنیاوە بەست بێت، هەڵگرینو خۆمان بەدنیا بناسێنین. ناسینێکی تازەو راستەقینەو خۆماڵی نەك ئەوەی دوژمنو بێگانەو.. لەپێنووسیان داوەو بووەتە ناسنامەی ژێر چەپۆکیمان!

گەلی کورد لەڕاستیدا دەرفەتی پشوودانی بەڕاو رەوشتی سەدان ساڵەی پێشوو، بۆ نەماوە. ئێمە وەکو میلەتی کورد بەشاعیر (هەستیار)و نووسەرو هونەرمەندو قارەمانە

---

[٣] -نیکتین NIKITINE، ئەندامی ئەنجومەنی رەگەز شناسی ئاسیایی پاریس، ئەندامی هەتایی دامەزراوی جیهانی کۆمەڵ شناسی، ئەندامی ئاکادمی جیهانی لەئەوروپا بووە. لەساڵەکانی (١٨-١٩١٥ز) بەرپرسیاری کونسوڵگەری روسیەی تزاری لەورمێ (ئورومیە= رەزائیە)، بووە.

[٤] - رەوایە، پاش هەشتاو چەند ساڵ، ئێستا بەگەش بینیەوە سەرنج بدەینە ئەو تێبینیەی نیکتیین چونتکە نەخشی (رۆڵ)ی گرنگی میدیاو ئەندێشەی جیهانی گەنجو خوێندەوارەکانی ئەم ساڵانەی دوایی کوردستان، زۆرشتی بەباری چاکەدا گۆڕیوە.

[٥] - (کوردو کوردستان) وەرگێڕاوی محەمەدی قازی (محمد قاچی) بەفارسی. بڵاوکراوە لەلایەن (نتشارات نیلوفر، تهران ١٣٦٦خ- لاپەڕەی ٣٧١.

مێژوویـیـەکانمان لەهـەر چواریان راسـت تـر ئەوەیـە بڵـێین پێـنج پارچەی کوردستانی بەریندا یەك دڵ نا سەد دڵ شانازی ئەکەین بـەڵام وەکـو ئـەڵێن[٦]: (کاوێــژی کــارە قارەمــانیو شــانازی پێکراوەکـانی رابـوردو ئەبێتـە بەربەنـدێك بـۆ بەرپـەنگ دانـەوەی کاروانی پێشکەوتن لەداهاتوودا).

## تێڕوانینی نوێ

هەسـتیاری پایـە بـەرزی پێشـووی کـورد– مامۆسـتا وەفـایـی (١٣١٨–١٣٦٤) لەیەکێ لەهۆنراوە پێنج خشتەکیەکانیدا وەسفی ژنێکــی نەخوێنــدەواری لادێیــی ژیــانی کــوردەواری ئــەکات کەخەریکە تەشی بائەدات. بەڕاستی کە تەوسیفەکەی پڕ بەدڵ سەرنجراکێشــەرو شــاعیرانەیە. خشــتەی پێنجــەم تاکۆتــایی هۆنراوەکە چەند پات ئەبێـەوە کەئەڵێت: (شیرین تەشی دەڕێسێ) وشەی (شیرین) ئەکرێ دوو واتـای بـۆ بکرێ: یەکـەم نـاوی ژنەکە کەتەشـیـیەکەی خـول ئـەدات (شـیرین) بێـت. دووەم کارەکـەیو رواڵەتەکەی خۆی زۆر جوانو رێكوپێك بێت کە بەهەمووشتێکی جـوان (شـیرین) ئـەگوترێ. بیسـتوومە ئـەم شیعرە کـاتی خـۆی بەدەسـتکاریەوە لەلایـەن مامۆسـتای بـەڕێزو ئـەدەب پـەروەر شـوکرڵای بابـان–ەوە بـۆ یەکـەم جـار ئامـادە کـراوە بـۆ گـۆرانی. مامۆستای هونەرمەندی دەنگ خۆشو بەرێز مەزهـەری خـالقی–یــش کردوویــە بــەگۆرانیو مۆســیقایەکی شــیاوی لەلایــەن هونەرمەندێکی ترەوە کەبەداخەوە ئێستا ناوەکەی لەبەردەستما نییە" خستووتە سەر ئەم شیعرو گۆرانیو مۆسیقا چەندین دە ســاڵ لەمــەوپێش لــەڕادیۆی بەشــی کــوردی کرماشــانەوە بڵاوکراوەتـەوە کـە لەبیرمـە بـوو بـوو بەنـەقڵو نـوقڵی هـەموو مەجلیسێك.

ئێستا پاش ئەو هەموو ساڵانە، ئەو ئاوازو شیعرو مۆسیقایە، هێشتا تامەزرۆ شکێنو تەسکین بەخشە. لەبەرئەوەی لەهێلانەی دڵەوە هاتوەو لەکانگەی دڵان پووەرەی داوە.

شـاعیری ئێسـتای کـورد بـەڵام لەڕوانگەیـەکی جیـاوازترەوە کەشایانی بیروباوەڕەی کوردی لێ وەشاوەی ئەمڕۆی کوردستان–ە، بۆ ژن ئەنوارێ، کیژی کورد ئیتر نابێ هونەری لەتەشی بادانـدا بێـت. نابـێ وەکـو کەرەسـەی ئاشپەزخانە رەچاو بکرێـت، نابـێ لەخوێندنو تێکلاوبوون لەگەڵ نێرینـەدا، بەرگری بکرێت، نابێ ژێـر چـەپۆکی مێردەکـەی بێـت، نابـێ بـەنیوەی پیـاو لـەپێنووس بـدرێتو.. بۆیـە شـاعیری سـەردەم ئـەڵێ: (..مـن تەشـی رێسـێکی وەك (شیرین)ی وەفائی–م بۆچییە!؟

کیژی کوردی چاوکراوەی فێرەزانینم ئەوێ).

٦– سامر سێت موئام– نووسەری ئینگلیزی.

بەڕاستی کەئەمڕۆ کورد نیازی بە (لەیلا زانا) هەیە نەوەکوو (شیرین)ی تەشی رێس. بەڵێ راستە نیازمان بەکیژو کوڕی فێرە زانست هەیە، کوڕانو کچانی تـەیار کـراو بەزانستو فەلسـەفەو ئەقڵیـەتی ئـەمڕۆ کەبەهۆشیاریو دڵسۆزی فەریادەکانی تـاریخی خوێناویمـان– تـاریخی پـڕ لەتـەنگو چـەڵەمەمان، تـاریخی پـڕ لەبەرهـەم بـەڵام بـۆ خۆنـەبوومان، بەگوێچکەی کـەڕی دەوڵـەتانی دنیـای بـەناو ئـازادیخواز رابگەیـەنێ. چـەندەها سـەلاحەدینو کـەریمخان–ی زەنـد–و شـاو، قـراڵو شـێخو نووسـەرو مـەلای لێ وەشاوەی کوردمان هـەبووە بـەڵام تائێستا شیمان نەکردوەتـەوە، ئـەوان چ دەسـت کـەوتێکیان بـۆ هێنـاوینو ئێمـە چـیمان لـەو دەستکەوتانە کردوەو ئێستا لەکوێی مێژوودا وەستاوین!؟

شێخ رەزای تاڵەبانی (١٩١٠–١٨٣١ز) لەپارچە هۆنراوەیەکدا لەژێر سەر دێڕی (سولەیمانی کەدارو لموڵکی بابان بوو) هێناویە کە:

(.. عەرەب ئینکاری فەزلی ئێوە ناکەم، ئەفزەلن، ئەمما
سەلاحەدین، کەدنیای گرت، لەزۆمرەی کوردی بابان بوو[٧])
(عومووی شەهر یارانو سەلاتینی فەرەنگستان
لەرۆعبی سەتوەتی ئەو شێرەدا، گشتی هەراسان بوو)

راسـتە کەسـەلاحەدین دنیـای گـرتو هـەر لەمیسـرەوە بیگـرە تایەمەنو عەرەبستانو تەواوی رۆژهەڵاتی ناوین بەئاناتولی–یەوە سـەر بـەئیمپراتووری ئـەو بـوو" راسـتە کـە ریچـارد شـێردل–ی ئیمپراتــووری ئینگلیــزو فیلیپــی ئیمپراتــووری فەرەنســەو سـەردارانی ئاڵمـانو ئیتاڵیـا–ی مەسـیحی هـەموویان بەدەسـتی سامو هەیبەتی سەلاحەدین–ەوە زەلیلو داماو بوون، بەڵام ئایا سـەلاحەدین ئـەو هـەموو خـەباتو تێکۆشـانەی بـەناوی نەتـەوەی کـورد–ەوە لـەخۆی نوانـد" بۆبـەدی هێنـانی دەوڵـەتو میلـەتێکی سـەربەخۆی کـورد لـەخۆی پیشـاندا؟ یـان تـەنیا وەکـو سـەردارو میرێکی سوپای ئیسلام بەبێ ئەوەی ناسنامەیەکی کوردی وەکو "میلەت"[٨] بەخۆیەوە هەڵواسێ ئەو ئیمپراتووریە بەرێنەی خستە ژێر دەسەڵاتەوە؟

٧– صـلاح الـدین ایـوبی (=سـەلاحەدین ئـەیوبی ١٢٥٠–١١٦٩ز) دامەزرێنەری کوردی (زنجیرە فەرمان رەوایانی ئەیوبی) بوو لەتایفەی راوەندی.

*(قادر ئەلیاسی) هونەرمەنـدی دەنـگ خـۆش بەشـێ لـەم غەزەڵـەی، کردووە بەگۆرانیو لەلایەن میدیا کوردستانیەکانەوە بڵاوکراوەتەوە.

٨–پـاش ئـەوەی کەڕووسـیەی تزلـدی لەسـاڵی ١٨٧٧ز– مەڵبەنـدی ئەرمەنسـتانی لـەئیمپراتووری ئۆسمانیدابڕیو بەیارمەتیدانی خـەڵکی ئەرمەنستان، وڵاتێکی مەسیحی بەناوی ئەرمەنستان، سەر بەڕووسیە، پێکهات کەدانیشتوانی ئەوێ هەستیان بەخۆبوون ئەکرد" بەڕواڵەت بۆ یەکەم جار ئەندێشەو بیرۆکەی پێکهێنانی (کوردستانێکی سەربەخۆ،

بێگومـان ئێـوەش کەسـەروکارتان لەگـەڵ مێـژووی کـورد-دا هەیە" ئەگەر دادگەرانە داوەری بکەن، دان بەوەدا ئەنێن کەڕاستە: سەلاحەدین ئەو هەموو جیهانگیریەی لەپێناوی ئیسلام-دا کردو لەو بابەتەوە تەنانەت: (خۆشی لەپاپ، کاتۆلیك تر ئەزانی!)

ئەمە لەسەداسەد راستە کەسەلاحەدین لەبنەماڵەیەکی کورددا لەدایك بوو بوو، لەخاکی کوردستانا گەورە بوو، گەشەی کردو بلیمەتێکی وای لێ هەڵکەوت کەتاریخی جیهان بەخۆی بناسێنێ" بـەڵام ئەوکاتـە ئەندێشـەو بـیرورای زاڵ بەسـەر هـەموو کۆمـەڵ و کۆمەڵگاکانـدا، بیرورای داسـەپاوی ئـایین و دیـن و مـەزهەب بـوو. تەنانـەت وشـەی (میلـەت) کەئێسـتا، بـەواتای (نەتـەوە- گـەل..) بەکارئەهێنرێ، بەواتای (ئایین و دین و مەزهەب) بەکارئەهێنرا. واتا ئەندێشـەو بیرورایەکـە بـەناوی نەتەوەیـەکی تایبەتیـەوە رێگـای نەئەبردە نـاخی هـیچ کەسـەوە. ئیمپراتوورەکـانی ئـەورووپاش کـە لەگـەڵ سـوپای ئیسـلام-دا بەشـەڕ هـاتبوون، لـەژێر دەسـتوورو فەرمانی پاپ و کڵێسەدا، بۆ پەرەدان بـەئاییینی مەسیح، جـەنگیان ئـەکرد. ئەوەیـە کەعـەرەب کـەخۆی بـەخاوەنی ئـاییینی ئیسـلام ئـەزانێ و راستیشـە لـەوێوەو بـەهۆی عـەرەب-ەوە هـەڵقوڵاوەو پەرەی سەندوە، ئەو مافەی بەخۆی داوە کە خۆی بکاتە خاوەنی سەلاحەدین و سەدان و هەزاران سەردارو ئەمیرو نووسەرو زانیارو شـاعیرو ئـەدیب و مۆفەسـیرو مێـژوونووس.. تـا ئـەو جێگایـە کـەڕۆژی دەسـەڵاتی بـووەو دەسـتی رۆیشـتووە بێگومـان پشکێنەرانی جیهانیش هەر ئەو بەڵگانەیان دەست کەوتووەو هەر ئەوانـەیان دووبـارە بـەزمانێکی تـر نووسـیوەتەوە. پێنـووس بەدەسـتی زۆردارەوە بـووە، زۆردار ویسـتوویە گەلـەکان و زمانەکانی تر بێجگە لەعەرەب بایـەخی نەدرێتێ، زمانی عەرەبی وەکو زمانی خوداو پێغەمبەر بەکۆمـەڵان و گـەلانی غـەیری عەرەب داسـەپاندووەو بـەزۆر یـان بەلاواندنـەوە زمـانی قورئـانی کـردووە بەزمانی هەموو (مەوالیە)کان (ژێردەستەکان). هەموان ئەبوا ناوی عـەرەبی هەڵبـژێرن، هـەموان ئـەبوا بەعـەرەبی و داب و رەوشـتی عەرەبی هەڵس وکەوت بکەن. بەکۆتایی بڵێم ژیان و کەسایەتیش ئەبێ بگۆڕدرێتە سەر داب ونەریتی عـەرەبی. مەگەر ئەمڕۆ ئێمە بەدووچاوی خۆمان پاش هەزارو چوار سەد ساڵ هێشتا ئاوارەو ماڵ بەکۆڵی ئەو ئەندێشە پووکاوانە نین؟! ئایا ئەبو عەلی سیناو، فارابی و ئـەبوریحان و زەکـەریای رازی و دەیـان و سـەدان ئاریـایی ساحێب ناو کەنەیانتوانیوە بـەزمانی خۆیـان بنوسن، لەجیهانـدا، بەعەرەب نەناسراون؟! بەڵێ وایە بەعەرەب لەپێنووس دراون.

سـەند. لەمێـژگی رۆشـنبیران و رێبـەرە کوردەکانـدا، هـەڵقوڵاو گەشـەی سەند.

چونکە ناچاربوون یـان ناچاریان کردون بەعـەرەبی بنووسن. عەرەبی وەکو زمـانی شـانازی پێکراوو زمـانی زاڵ بەسـەر هـەموو زمانەکانی تردا، بایەخی پێدراوە[٩].

ئەندێشـەی گشـتی خـەڵکی کـورد سـەبارەت بـەجیهان و کۆمـەڵگاو بـوونی خـۆی و خـەڵکی تـر بەدرێـژایی سـەدەکان، گۆڕانکاریـەکی ئـەوتۆی بەسـەرا نـەهاتووە. ئاشـکرایە کەئـەم جموجۆڵ لێبڕاویـەو ئـەم وەسـتانی ئەندێشـە" وەسـتانی هـەموو بەشـەکانی تـری ژیـان وەکـو سـازمان و دامو دەزگـای رامیـاری و کۆمەڵایـەتی و ئابووریەکانیشـی گرتۆتەبـەر. دیـارە تائەوکاتـەی کەشێوەکارەکان، رەوشت و کردارە کاریەکانی پێویست و ئامرازی بـەدی هێنـەرەکان و پەیوەنـدەکانی کۆمـەڵ گۆڕانکاریـەکی دڵنیاەیانـەیان بەسـەردا نەیـەت، لەئەندێشـەو روانگـە فەرهەنگیـەکانی کۆمەڵیشـدا، ئاڵوگۆڕێکی ئـەوتۆ بـەدی نایـەت. وەها میلەتێك کەبەدرێژایی سەدەکانی پێشوو، ئاڵوگۆڕی زەینی و فکـری و بەرهـەم هێنـان و ئـابووریی بەخۆیـەوە نـەبینیوە، هـەمووکاتێ ئامـادەی فرمـان بـردن لـەزۆر بێـژان و دیکتـاتۆران و فریوکـاران و دوکانـدارانی دیـن و دیانـەت و نـەزانین! ئـەم نـەزانی گشتیەش، هەمیشە بۆتە هـۆی سـوود وەرگرتنـی سـێ کوچکـەی زێڕدارو زۆردارو فریوکار، چ خۆماڵێ، چ بێگانە!

بـەمجۆرە داهاتوومـان تائێسـتا بووەتـە دووبـارە کـاری، رابووردو" واتا سبەینێ مان بەیەخسیری دوێنێمان ماوەتەوە. با لەم روانگەیەوە سەرنج بدەینە دوو رووداوی زۆر قووڵی تاریخی فەرهەنگی دوو پێش هاتی زۆر گرنگ. یەکەم هێرشی یۆنانیەکان لەڕۆژئاواوە. دووەم عەرەبە ئیسلامیەکان لەخوارەوە.

پێشـێل کرانـی کوردسـتان بـەهۆی لەشـکری ئەسـکەندەرەوە (٣٣٤پز) روویداو

هەزار ساڵ دوای ئەوەش، عەرەبە موسڵمانەکان (٦٣٤ز) بوون کەکوردستانیان داگیرکردو قڕان و تاڵانیان کردو میلەتی کوردیان وەکو باقی میلەتانی تر خستە نێو کۆت و زنجیرەی ئیسارەتەوە- ئیسارەتێکی هەمەلایەنە نـەك تـەنها بـەدەنی. بەڵگـە مێژووییـەکان پێمـان ئەسـەلمێنن کەیۆنانییـەکان لـەکاتی ئـەو هێرشـە بەرێنـەدا، لەفەرهـەنگ و توانایـیـەکی زانسـتی و فەلسـەفی زۆر بـاڵاتر لەعەرەبەکانی هـەزار سـاڵ دواتـر بەهرەمەنـد بـوون" بـەڵام هـۆی چ بـوو کەفەرهـەنگی کـورد لەبەرانبـەری فەرهـەنگی پێشـکەوتووی

[٩]-کاتـێ کەعـەرەبی موسـڵمان وڵاتێکیـان داگـیر ئـەکرد" پـێش هەمووشـتێك کتێبخانـەکان و مەدرەسـەکانیان ئەسـووتاند. بۆئـەوەی شتێك بێجگە لەقورئان نەمێنێتەوە. هەمان رەوشت بۆ زمان و میلەتیش بەکارهێنرا تا هەموو میلەتان لەناو عەرەبدا بتوێنەوە.

یۆنانییەوە وەستاو ئەو فەرهەنگەی نەگرتەخۆ، کەچی سەری بۆ فەرهەنگی دواکەوتووی عەرەب دانوندو توایەوە؟!!

بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە گرنگە، رەنگە بتوانین بڵێین: یۆنانییەکان بەچەکی (دین و ئایین)ەوە، بۆ داگیرکردن نەهاتبوون. بەپێچەوانەوە، چەکی ئەوان فەلسەفەو زانست و فێرکاری رەوشتەکانی خۆناسین بوو. رەواجدان بەفەلسەفەو زانست نیازی بەئاگاداری و هۆشیاری و زەمان هەیە کە بەزۆرە ملی و درندە خۆیی ناکرێتە مێژگی خەڵکەوە. سلووکیەکان سەردارەکانی پاش ئەسکەندەر ١٣٠ ساڵ و ئەشکانیەکان تا ٢٠٠ ساڵ پاش ئەوان کەتێکڕا ئەبێتە ٣٣٠ ساڵ ئەلف و بێی یۆنانیان بەکارئەهێناو رەواجیان پێ ئەدا، بەم حاڵەوە وەکو ئەڵێن ئاگری بێ هێز نەیتوانی بنداری تەڕ داگیرسێنێ" ئاسەوارێکی یان جێ پێیەکی ئەوتۆ لەو فەرهەنگ و فەلسەوفەو زانست بەجێ نەما، کەچی عەرەب بەزۆری شمێشرو کوشتن و برین و ئاگردان و وێران کردن و قڕان کردنی بێ بەزەییانەو بەردەوام ئەو میلەتانەی بەدرێژایی سەدەکان خستە ژێر تازیانەو گورزو ئەو فەرهەنگە دواکەوتوەی داسەپاند کەئەی بینین!!.

* * *

ئەوەی کەپێویستە جەختی لەسەر بکرێتەوە ئەم راستییە کەعەرەبی موسڵمان و ئیشاعەی فەرهەنگی ئیسلامی بەدرێژایی سەدەکانی رابوردو تا ئەوێ دەستی رۆیشتووە، فەرهەنگ و داب ونەریتی خۆی بەسەر میلەتانی ژێر دەستدا سەپاندووەو هێڵ و سنوورێکی بۆ میلەتان تائەوێ پێی کرابێ، نەهێشتووە. بۆیەکان دەیان نووسەرو خاوەن ئەندێشەی کورد ئەوپەڕی دڵتەنگی خۆیان لەم بارەیەوە دەربڕیوە. بۆنموونە: مامۆستا خۆزنی مۆکریانی نووسەرو تێکۆشەری بەناوبانگی کورد لە (خونچەی بەهار)دا لەئاسەواری شوومی فێرکاریەکانی عەرەب کە بەسەر میلەتی کورددا دای سەپاندوە، بەوپەڕی ئەندوەو دڵتەنگیەوە بڕوای بەوە هەیە کە: مێژووی میلەتی کورد بەهۆی (تەعلیمات)ی خراپی عەرەبەوە خراپ بووە.

هەروەها ئوستاد رەشید باسمی لەکتێبە بەنرخەکەیدا ئەو راستیە دەرئەبرێ کەئاسەواری خراپی فەرهەنگی عەرەب، بێگومان کاریگەریەکی تەواوی لەتێکدانی فەرهەنگی میلەتی کوردا، بەجێهێشتووە.

شاعیرو ئەندیشەوەری گەورەی کورد، مامۆستا ئەحمەدی خانی خاوەنی (مەم وزین) لەداستانە هۆنراوەکەی مەم وزیندا، کەسایەتیەك لەزینداندا ئەخولقێنێ کەئەو کەسایەتیە، نوێنەریان نۆمادی کوردستان-ە کەهەر خۆشی تێ ئەکۆشێ رێگاو چارەی رزگارکردنی ئەو ئەسیرە لەزیندانی دوژمنی درەندەدا، پیشان بدات. گومانی تێدا نییە داستانەکە ئاماژەیە بۆ سەر کوردستان و چارەنووسی کورد بەگشتی. چونکە ئەڵێ: (.. سەرم لەو چارەنووسەی سوڕماوە کەخودا بەمیلەتی کوردی بەخشیووە. ئاخر چۆن ئەبێ کوردێك کەبەزەبری شمێشر ئەو هەموو پیرۆزیەی پڕ لەشانازیی، وەدەست هێنا، ئێستا خۆی دەس بەسینەو بندەستی هەندەران بێت؟) مامۆستا حۆزنی بەدڵێکی پڕ لەداڵغەوە هەناسەیەکی سارد- سارد تر لەسەهۆڵبەندانی قەندیل و چیابەرزەکانی رەواندز، هەڵئەکێشێ و بەسەر زامی ناسۆر کەوتووی هەموو کورد پەروەراندا خۆی ئەپڕژێنێ و ئەڵێ: (بۆ ئێمە چیمان لەئەم وئەو کەمترە کەئەبێ ژێر چەپۆکەیان بین؟ ئەگەر ئێمە دەست لەکێشەکانی ناوخۆیی هەڵگرین و هەموومان پێکەوە یەك بگرین و یەك رەنگ ببین، بێگومان تورك و عەرەب و عەجەم، دەست بەسینەی ئێمە رائەوەستن) ئەمانەو دەیان بەڵگەی پسپۆڕانەی تر رایان ئەوەیە کەفەرهەنگی خراپی عەرەب بووەتە هۆی کاریگەری پەرژوبڵاوی کوردو ئەندێشەی کارسازو بارهێنەرو پێشکەوتوخوازانەی تەزاندوە! کەوابوو پێش هەمووشتێك پێویستە خۆمان لەکۆت و زنجیری دەست و پێ گیری فەرهەنگی دواکەوتووی عەرەب دەرباز بکەین. ئایا ئەزموونی ئێران و جەزایرو سوودان و ئەفغانستان.. بۆ ئێمەی کورد نابێ پەندێکی مێژوویی و راستەقینە بێت. کاوەی ئاسنگەر قارەمانی کۆنی ئاریایی بۆ هەموو ئاری نژادێك بەتایبەت کورد قارەمانێکی میلی و ئوستوورەیی شانازیی پێکراوە. هەر بۆیەکان ئێمەی ئاری نـژاد پەیکەرەی لەمەیدانەکانی شارو شارۆچکەکانمانا بەشانازیەوە ئەڕازێنین و دائەمەزرێنین. ئەمەش روون و ئاشکرایە کەزۆحاکیەکان تائێستا هەرکاتێ دەستیان رۆیشتووە بۆ تێکدان و خوارەوە کێشانی ئەوپەیکەرانە، ئەوپەڕی کۆشش و درەندە خۆییان بەخەرج داوە قەت لەبیرناکەین پەیکەرەکانی کاوەی ئاسنگەر لەکوردستانی باشوور پێش راپەرینی ١٩٩١ز، چ بێ حورمەتیەکیان لەلایەن زوحاکە بەعسیەکانەوە پێکرا!.

خۆ رژێمی ئیسلامی ئێرانیش کەسەر رشتەداری ئەو بیروڕا پتووکاوە زوحاکیانەیە، لێرەو لەوێ لەشارو شارۆچکەکانی ئێراندا، هەر ئەوبێ حورمەتیەی لەگەڵ پەیکەرە دامەزراوەکانی (کاوەی ئاهەنکەر)دا، کردووەو جیاتی پەیکەری کاوە، پەیکەرەی کفن پۆشانی داناوە! بەم واتایە کەئەگەر کەسێ بیر لەقارەمانی میلی و نەتەوایەتی ئەسفەهان یەکێ لەو شارە شۆڕشگێڕانەی ئێرانە کەچەند ساڵ لەمەوپێش بکاتەوە، کفن پۆشەکانی ئیسلام، واتا تیرۆریستە مێژگ شۆراوەکان تابووتی بۆ ئامادە ئەکەن[10]!!. دژ بەوکارەساتە ناجوانمێردانەو درندە خۆیانەی رژێمی ئیسلامی ئێران، راپەڕی. ئیتر باسەربڕینی برادەرە (ئەهل-ی

---

[10]-ئەسفەهان یەکێ لەو شارانەیە کەشۆڕشێکی هەرە گەورەیان لەم رۆژانەدا (ساڵی ٢٠٠٣ز) سازکرد.

هەق)ەکان (یارسان–ەکان)و نەبشی گۆڕو بێ حەرمەتی کردن لەگەڵ مەشایخەکانی تەریقەتی نەقشبەندی لەهەورامان و دەیان پەلاماری چەکدارانەو کرداری ناپەسەند کە لەدەوروبەری شارەزوورو هەڵەبجەو ئەو ناوانەدا، بەهۆی گرووپی بەناوی ئەنساری– ئیسلام–ەوە کراوەو[11] دژ بەو خەڵکە بێ تاوانە ئەکرێ، بوەستی. ئەمانە کێ ئەم بیروڕایەی پێ بەخشیون؟ کێ پارەو ئیدئۆلۆژیان ئەداتێ؟ کێ مێژگیان خاڵی ئەکات و پڕی ئەکاتەوە لەوهەموو ئەندێشەو بیروباوەڕە پتووریانە؟ ئاخر ئاگر پێوەنانی وەرزو کشتوکاڵی وەرزێری کوردی داماو وێران کردنی سەیرانگاکانی کورد، تەقاندنەوەی قونبەلەو سەیارە، کوشتنی ژن و منداڵی بێ تاوانی کورد کە لەم هاوینەدا لەشارو کێڵگەو سەیرانگاکانی کوردستانی باشووردا، پەیتا پیتا چەند پات ئەبێتەوە، ئەبێ ئیشی چ ئینسانێکی کەبێت بێجگە لەوانەی کەتائێستا کردویانەو وەکو مانگای ناوچاوسپی، دیارو ئاڵە مەشەسن لەهەموو دنیاوە. ئەنفال–ی کوردستانی باشوور. ١٨٢ هەزار کەس کەنجی بێ تاوانی کورد، تەنها بەسووچی ئەوەوە کە (کورد)ن ئەبێ دڕندانە لەسەر زێدو مادای خۆیانەوە بڕفێنرێن و سەرنوقوم بکرێن و زیدو ماوایان وێران بکرێ و بەعەرەب بدرێ. کام فەرهەنگ و شارستانیەتی سەدەی بیست و یەکەم. بێجگە ئەو بیروڕا پتوورکاوانەی بۆگەن ئەم چەشنە کردارە دژ بە بەشەرانە بەخۆیەوە ئەبینێ؟

ڕووداوی (سینەماڕێکسی ئابادان)ی ئێران کەئێستا فیلمەکەی لەبەردەستایە نموونەیەکی کە لەو بیروڕا زۆرحاکیانەیە کەنزیکەی ٤٠٠ نەفەر ژن و منداڵ و پیرو جوان و بەپێی فتوای مەلایەکی دژ بەمرۆڤو مرۆڤایەتی، لەلایەن چەند مێشك شۆراوەوە لەسینەدا، ئاگردران و بوونی پەتە پرووزیان بولووتی دنیا گەیشت مەگەر ئەوانەی کەپیلانەکەیان گێڕابوو. کەوەکو نێرۆن لەسەر ترۆپی ئارەزووەوە دانیشتبوون و قاە قاە پێ ئەکەنین.

سەرچاوگەی هەموو زوحاکیەکان قوڕاوگەیەکی گەنیوە کەبەداخەوە بوون و بەرامەی ئێمەشی گرتووە. ئەبێ خۆمان بەزووترین کات لەم چەپەڵاوە دەرباز بکەین و سەر ڕشتەی ون کراوەی خۆمان بدۆزینەوە.

ڕەمزی پێکشەوتن و پێشکەوتوخوازیمان ئەوەیە کەسەر لەنوێ لەسەر ڕەگ و ڕیشەی خۆمانەوە دووبارە بڕوێین و گەشە بکەین و بنج بدەینەوەو خۆمان ببین و بۆخۆمان بکەین.

* * *

[11]– کارەساتی تەقینەوە خۆکوژیەکانی شاری هەولێر کە لەڕۆژی جەژنی قوربانـدا لەمەقەری حیزبەکانی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا، پێکهێناو بووە هۆی سەدان کوشتن و بریندارو عەزای گشتی بۆ میلەتی کورد.



## چمکێکی چکۆلە

### لەڕۆمانی

# سارا

### بەشی پازدەهەم

نوسینی: عەلی کیتابی

تیشکی زێڕنی هەتاو لە دوندی قەرەخان و ماڵەگەورەوە سەری دەرێناوە، سڵاوو ڕۆژباش پیشکەشی دوندی هەنگەژاڵ و قولەی قەڵاتەڕش کردوە، ئەحمەدیش بە دەم خەم پەژارە و سۆز و ڕازو نیازی خۆی و کلاو زەرەوە، هەر وەها دەنگی زەنگی گەردنی نێری و بەرانی ناو مێگەلی ناو پەچە و قاقای پێکەنینی کچانی مەردۆشی هۆزی شاتریەوە تازە خەو هێناویە بەلادا.

*   *   *

ئیستا سەعات دووی پاش نیوەڕۆیە پیاو ماقووڵانی هۆزی شاتری لە ژێر دەوارەکانیان هاتوونەتە دەرەوە و لە ژێر دارگوێزەکانی سەرکانی دۆڵێ تووەسوراندا گش کۆ بوونەتەوە، پیرە پیاوێکی دنیا دیدە دەڵێ:

– عەشرەت من لەوەی ئێوە ئەوە حەوتوێکە تفەنگچی دەنێرنە سەر بەرزاییەکانی سنوور گۆیا بۆ پاراستنی شوان و شەگەل و مەڕو ماڵاتی گشتی، من بە کارێکی مناڵانەی دەزانم.ئەوەی بیست ڕۆژ لەمەو پێش لە دۆڵی دەرەتورکانی پشت ئاواییەکانی بەردەڕەشە و دووپلوورە ڕوویدا و لاوێکی جوامێر و لێهاتوو کە قەت لە دەیان تفەنگچی و جاش و جەندرمە شڕۆڵەی عەجەم لای باکی نەبوو بەڵام بە گوللەی سەربازە خوێڕیلەیەك لە خوێنی خۆیدا گەوزێنرا، تفەنگ و ڕەختەکەشیان برد و خێرۆمەن مەیتەکەیان بۆ دایك و باوکە کولۆڵەکەی هێنایەوە، لەو ڕۆژەوە تا ئێستا ئەگەر گوێچکەی بزنێکی هۆزەکانی جاف بچنە ئەودیوی سنوور بە گوللە کونکون دەکرێن، عەشرەت با پێتان بڵێم لەمرۆوە من کوڕەکانی خۆم بە تفەنگەوە بۆ سەر سنوور نانێرم، جا با ئێوە هەر بڵێن مام ڕۆستەم ترسەنۆکە، بۆچاو لەو

ڕاستیە بنووقێنین ئەگەر تا ئێستا بەبۆنەی هۆزی قالەفەتە و مەحموو فەتەی دۆست برادەری کاکە سوارەو مام سلێمان نەبوایە ئێمەش وەك خێڵە جافەکانی ئەوبەرمان بە ڕوکاری مەریواندا تەرمی شوانی ڕەوگ و شەگەلی خومان بە کۆڵی خۆمانەوە دەبینی، مەحموو فەتە تا ئێستا بە زانایی ولێزانی نەیهێشتووە جاش و جەندرمەی عەجەم بڕژێنە ناو مەڕ و ماڵاتمان، بە شەق و قسەی سووك سەگ و شوان و شەگەلمان وەپێش خۆیان دەن و وەك سنووری مەریوان لە ملەی مێڵەك و دەرەتورکان لاوی جاف بکوژن و مەڕ و ماڵاتمان بە تالان بەرن.

مام سلێمان بۆ سەلماندنی قسەکانی مام ڕۆستەم و حورمەتی خۆیو مەحموفەتەی دەستەبرای دەڵێ:

- خزمینە دوێنێشەو خێڵ خەوتنان مەحموفەتە بوو بەمیوانمان وتی:

لەو ڕۆژەوە خولەپیزە ئەفسەرێك و بیست سەربازی پالەوی لە لەپەنای گوندی (چنارە)ی مەریواندا کوشتوە و تەواو چەك و چۆڵە کانیانی بە غەنیمەت بردوە دەوڵەتی تارانیش حوکمێکی تازەی دەرکردوە، سنووروانانی ئێرانی واتە جاش و جەندرمەکان لە لێوارەی سنوردا ئیجازەیان هەیە ئێمەمانان بگرن و بکوژن و تالانمان کەن هەروەك چۆن عەرەبەکان لەسەردەمی خەلافەتی عومەری بنی خەتابدا کوردەکانیان دەکوشت و کچ و ژنەکانیان بە(جاریە بۆخۆیان دەبرد، بە فتوای خەلیفەی ئیسلامیش ژن و کچی بەجاریە براو ملکی شەرعی لەشکریانی ئیسلام)ە بێمارەکردن سواریان دەبوون و وەك کۆیلەیش دەیان فرۆشتن. سوارە هەناسەیەك هەڵدەکێشێ و دەڵێ:

دەك دایکم بە قوربانی دایکی خولە پیزە بێت یاخوا قەت دایك ڕۆڕی بۆ نەکات، خەڵکی پێیان وابوو خولەپیزە تەنیا دوژمنی پۆلیس و جاشپۆلیسی عەرەبە، ئیستا سەلماندی جاش و جەندرمەی عەجەمیش هەروەك پۆلیس و جاشپۆلیسەکانی عەرەب، دژی گشت شوان و گاوان و سەپان و پالە و ڕەنجدەرانی گەلی کوردن، ئەوەتانێ سنووری دەستکردی کوردستانیان تازە کردۆتەوە، گشت عەشیرەتی جافیان لە زێد و مەسکەن هۆبە هاوینە هەواری هەزارانسالەی باب وباپیرانیان مەحروم کردوە.

ئەوەتانێ ئیمساڵ دۆڵی شلێر بۆتە بەندیخانەیەکی تەسکوتروسکی هەزاران خێڵەجاف. بەخوا تا مانگێکیتر درگای سنوری دەسکردی دوژمنانی خەڵکی کورد نەکرێتەوە، گەڵاو گوڵ و شاخ و شەخەڵ و لێرەواری شلێریش بەشی ئەم گشتە حەشیمەتە ناکات، ناچارین دەبێ بەقرچەی هاوین بەرەو دەشتی شارەزوور و گەرمیان و شاخەکانی قەرەداغ شۆڕ ببینەوە.

- ئێستا مەجلیس مات و مەلوول وەك مردوموار بڵاوەیان لێکردوە هەرکام چۆتەوە بن دەوارەکەی خۆی، سوارە کە دێتەوە ماڵەوە و دایکی بە غەمباری دەبینێ دەڵێ:

دایەگیان زۆر بە مات و مەلولی دێیتە پێشچام بۆ؟ خۆ پێم وانییە دەنگ و باسی ئیمڕۆی مەجلیسی پیاو داقوڵانی هۆزت بیستبێ. دایك دەڵێ:

- ڕۆڵە سوارە تۆ هێشتا ڕیخەڵۆت لە دەست و پێت نەئاڵاوە؟ با بەخێر دوسێ منداڵی خرپنە شیرینتان ببێت جادەزانی مەنێ ئارد چەنێ ئاوی گەرەکە و چەن کولێرەی تێدا دەبێ، ئێستا من دەزانم حاڵ و ئەحواڵ و ئازو وازی دایکە پیرەکەی ئەحمەد چۆنە. ئەحمەد لە تاو خەم و پەژارەی دایکە پیر و پەك کەوتووە کەیە بۆیە بزە ناکەوێتە سەرلێوەکانی و هەمیشە دەڵێی کۆستی کەوتووە، کوانی گەشە و شادی مانگێ لەمەو پێش هەمیشە وەك گوڵ دەگەشایەوە و دەشنایەوە، سوارە سەری داخات و دەچێتە ناو بەحری خەیاڵاتەوە و دەڵێ:

- دایەگیان گەرچی تۆ شەوو ڕۆژ لە پەنای ئەحمەد و

کڵاوزەڕدای شەو و ڕۆژ تەنیا چیخێك لەنێوانتاندایە، تۆ لە گشت ڕازو نیاز و چپە و سرکەسرکیان ئاگاداری، منیش باش لە پێویستی و خواستی دەروونیان

ئاگادارم، جا ئێستا تەگبیرت چیە و چۆن کلاو ڕازی بکەین ئەحمەدی لیَ جیا کەینەوە و بەرە و دایکە پیرەکەی بەڕێ بکەین؟ ئایا ئەم دوانە بەرگەی غەمی دووری و (فیراقی) یەکتر دەگرن؟ دایك هەناسەیەکی سووتێنەر هەڵدەکێشیَ دەڵێ: بەداخەوە وەك دەڵێن ئەوەی لای بەنە خەیاڵە لای خوابەتاڵە، من بڕیارم دابوو کە گەیشتینە کوێستانی سێفەسوور بە پەلە تۆو ئەحمەدبنێرم ئەو پیرێژنە داماوەی دایکی ئەحمەد بێنن و خێرا زەماوەندێکی دیکە بۆ ئەحمەد کلاوزەڕ ڕیَ بخەم و گشت پێویستی ژیانیان بۆ دابین بکەم و لە پەنای دەوارەکەی خۆماندا دەواریکی جوانیان بۆ هەڵبدەم و بیانکەمە خاوەن ماڵ و حاڵی خۆیان و لە بنباڵ خۆماندا خێڵەو خوار و خێڵەو ژووریان پێبکەم، بەڵام مەخابن هەزاجار مەخابن لە بەختی شوومی کلاوزەڕی کولۆڵم، ئەوزاع و ئەحواڵی گەرمێن و کوێستانی کەران ئاوای لێهاتوە کە خۆت بۆ منی شی دەکەیتەوە، بە بڕوام دەبیَ تۆ لەگەڵ ئەحمەد و من لەگەڵ کلاو زۆر حەکیمان بدوێن و کلاو ڕازیکەین و ئەحمە بەرەو دایکە پیرە چاوە ڕوانەکەی بەڕێ بکەینەوە. بە بڕوام ئەحمەد زۆر لەوە ژیر و ژۆلتره من و تۆ بیری لێدەکەینەوە، باشتر وایە بەڕێی کەین بە مەحموو فەتەو خوای بسپێرین لە سنوور و گەرووی جاش و جەندرمەی سنوورەوانی عەجەم بۆمان دەربازکات.

– باشە دایەگیان تۆ لەگەڵ کلاو و من لەگەڵ ئەحمەد بە وردی بدوێن و پاشان بە حوزووری مام سلێمان، گشت خوشك و براو خاوو خێزان لە مەسەلەکە ئاگادار کەین ئێوارە کاتێك پاش مەڕدۆشین و پێش ڕادان بۆ شەو بەکێو کردنی مێگەل و شەگەل سوارە دەڵێ:

_ سەمین گیان تۆخوا فوویەکمان بۆ بکە بە شمشاڵەکەتا بەڵام لەهەوای هەیسوار هەی سواری مەیدانی نەبەردی شۆڕە سواران، سەمین دەڵێ:

ئەی بۆ هەوای بوك و خەسوتان بۆ لێنەدەم؟ خۆشمووڵی تۆو براژن ئافتاو و کاکەحمەد و کلاوزەڕ ناکات، خوای تەبارەك و تەعالا خەسووی وەك خەسووی تۆ و کاکەحمەدی بە هیچ کوڕی ئۆمەتی محەمەد نەبخشیوە، خۆزگەم بەخۆتان.

ئافتاو چاوێك لە کلاوزەڕ هەڵئەتەکێنیَو دەڵێ:

–دەك نوخشەبی لەتۆیش وگشت گوێگران تۆخوا بۆخۆت هەوایەکت بەدڵە بۆمانی لێدە. سەمین بە هەموو کەیف و هێزی خۆی دەتووڕێنێتە شمشاڵەکەیدا. ئەمجار سوارە دەستێك دەخاتە سەرشانی ئەحمەد و دەڵێ:

= کاکەحمەد گیان بۆچی هێندە مەلوولی بزە ناکەوێتە سەر لێوەکانت؟ ئەحمەد دەڵێ:

– کاکە سوارەگیان لەبیرتە تا تۆ لە باراش هاڕینێك لە ئاشەکەی بیستانسوور گەڕیتەوە ماڵەوە، دایك و خوشکەکانت چەند بۆت بە پەرۆشبوون، ئەوە زیاتر لە حەوت مانگی ڕەبەقە من پیرە دایکێکی پیر و پەککەوتووم لەناو چواردیوارێکی ڕەق و تەق دا بە جێ هێشتوە، مانگ و نێوێکیش لە وادەی گەرانەوەم تێپەڕیوە، تکایە تۆ لە چاوی خۆت و دایکی خۆتەوە بنواڕە من و دایکە هەژارەکەم؟ پوورە مروەت دەڵێ:

– بە قوربانت بم بەمزوانە خەبەر ئەنێرم (مەحموفەتە) بێت جا بە ئامانەت بەوت دەسپێرم، دڵنیام بەسلامەت لە سنوور ڕزگارت دەکات وەك گڵنەی چاوی دەتپارێزیَ و لە گشت سەگ و سووتکێکی سنوور دوورت دەخاتەوە.

لەکاتێکدا ئەحمەد لە خۆشیان چاوەکانی چەخماخەی شادی دەوەشێنیَ بەڵام گشت خێزانی ماڵ خەم و پەژارە دایگرتوون، کلاوزەڕ خۆی بۆ ناگیریَ وەك نەخۆشی (سێوەڕۆ)دار لەرز هەڵی دەچۆقێنیَ دەچیَ خۆی دەکا بە هۆبەکەی خۆی و ئەحمەدا لەپەوڕوو لێی وەردەکەویَ.

پوورە مروەتی دایکی دەچیَ دڵداری دەداتەوە و دەڵێ:

– کچم باش دەزانم دەردی دووری ئەحمەد بۆتۆ هەروا ئاسان نیە، بەڵام دڵنیابە خۆدنیا هەرواناب‌یَ چوارمانگیتر ئەحمەد ئەگەڕیتەوە بۆ گەرمێن و دێتەوە ناومان. ئەحمەد تازە یەکێکە لە خێزانی ئەم ماڵە. کلاو دەڵێ:

– دایەگیان دەخیلت بم خۆم بۆ ڕاناگیرێ شتێك لەسەر دڵمدایە پێموایە هەر لە ئێستەوە وەرهەمی دووری ئەحمەدە؟

که ددایکی دەست دەنێتە سەر سك و سەر دڵێ و برێك وردە پرسیاری لێدەکات، لەپڕ دەدا لە قاقای پێکەنین ئەملاو ئەولای ماچ دەکات و بەسپایی بە گوێیدا دەچپێنێ و دەڵێ:

– دەك دایکت بە قوربانت بێت بەخوا دنیا بە مەرامی من دەبێت خۆزگە بەمزوانە ئافتاویش هەر ئەم نخۆشییەی تۆی بگرتایە. کچە شیرینەوکەم دەبینی لە داهاتوێکی نەك فرە دوور گشت دەستە خوشکانت خۆزگەت پێ دەخوازن.

ڕۆڵە گیان لە بەیانییەوە یەکێك لە هێزە جوانەکان ئامادەکە برێك دۆشاوی تێهەڵدە پێنج شەش هۆقەی ئەستەمبول ڕۆنی زەنگی تێکە و لە گەل دەپازە کەللە شەکری لەندەنی و هۆقەیەك چایی و دەپازدە سەلك سابوونی بۆنخۆش و جلشۆری و چووزانم هەرچی خۆیشت پێت باشە بۆی بپێچەرەوە بۆ ئەحمەدی ئامادە بکە لەم شەوانەدا دەبێ بۆلای دایکە پیرەکەی بەرێی بکەینەوە. ڕۆڵە تۆخوا نەکا لەگەڵ دایکیدا دیدارەبەقیامەت بکەون، ئەگەر خوانەخواستە تا ئەحمەد دەڕواتەوە دایکی مردبێت هۆکای دیدارەو قیامەتیان من و تۆ دەبین تێگەیشتی کچە شیرینەکەم.

دایە گیان تۆخوا بڵێ جاریکیتر ئەحمەد بێتەوە ناومان؟ کچم ئەحمەدخۆشەویستی گشتمانە وەکو تۆ و گشت خوشکو براکانت بەندی دڵی دایکیشتە دڵنیابە دڵنیا.

کڵاو دەڵێ دایەگیان دەڵێی چی دەستێك لە جلە تازەکانیشم بۆ دایکی ئەحمەد بنێرم گشت شتەکانیشی بۆ بنێمە ناو خورجینە تایبەتییەکەی خۆم؟

بە قوربانتبم چۆنت پێخۆشە و چی بۆ دەپێچیتەوە بە دڵیخۆتی بکە.

ئێستا کڵاوزەڕ بەو پەڕی دڵەتەپێ و دیقەتەوە بە فەرمانی دایکی خەریکە دیاری و تۆشەی سەفەرێکی نادیار و نەودڵ بۆ خۆشەویستەکەی دەڕازێنێتەوە. تا سەرەنجام ئەوەی لێی دەترسا لە ناوەخت و نیوەشەوێکدا ڕوویدا.

* * *

مانگێکی ڕەبەقە پوورامین دەڵێی ماسی ژارخواردوە دەستێك بە عاسا و دەستێك بەدیوار دەرو ژوور دەکات. بەرۆك بە منداڵ و لاوو پیر دەگری و دەڵێ:

بەقوربانتانبم بەشکەم هەواڵێکی ئەحمەدم بۆ بزانن نازانم بۆچی نەهاتەوە هەمووساڵێك لە ئاخرو ئۆخری مانی خاکەلێوە و سەرەتای مانگی گوڵاندا دەهاتەوە. پیرارەکە پازدەڕۆژ لەبەهار چووبوو هاتەوە. خۆ ئێستا خەریکە لە مانگێکیش تێپەڕ دەبێت. دەك ڕۆژەڕە ڕەش خۆم دەترسم کوڕەکەم چتێکی بەسەر هاتبێ. پێرێ پێش نوێژی نیوەڕۆ لەبەر بەرۆژکەی پەنای مزگەوتا گوێم لێبوو گەورە پیاوان باسی سەرهەنگ ئەیووبی و پیاوەکانی مەحموخانی کانی سانانیان ئەکرد. کەچون شوانەجاف دەکوژن و دەچنە ناو سنووری ئێراقەوە وەك چەتەی حەمەتاڵ و سەی عەتا خەڵکی تاڵان دەکەن و سەر ڕێ بە قاچاخ فرۆش و گەرمێن و کۆیستانی کەران دەگرن.

پوورامین پاش ئەوەی بە کورکە کورك دۆعاو نزا و لەترەلەتر دەگەڕێتەوە ناو ماڵە ڕەق و تەقەکەی لەپڕ لە قریشکەی کیژۆڵەیەك ڕادەچڵکێ کە بە هەوو هێزی تێدەچریکێنێ و دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێ مزگێنی مزگێنیم دەوێ ئەوا کاکەحەمەد هاتەوە. پوورامین لە خۆشیاندا ئاگای لە ئازو وازی خۆی نامێنێ بەبێ عاسا دەردەپەڕێ بە ئۆخەی ئۆخەی و تەپوتل گاوڵکێ وەك منداڵ جارجار تلۆر دەبێتەوە. کۆڕی کچانی سەرکانی و لاوانی بەرهەیوانی مزگەوت فریای دەکەون دەس دەدەنە ژێرباڵی و تێکڕا پیشوازی لە ئەحمەد دەکەن.

کچە عازەبێك عاساکەی فریای پورامین دەخات پورامینیش تاوێك بەدەوری ڕۆلەکەیدا دەگەڕێ و تاوێك خۆی بە سەر پێڵاوەکانیدا دەخات و دەڵێ خەڵکینە تۆخوا ڕاستە ئەمە ئەحمەدە یان خەو دەبینم. تۆبەمبێ بهێڵم جارێکیتر ئەحمەد بچێتە گەرمێن .

ئەحمەد دەڵێی توولە نەمامە بەسەر پیرەژنێکی لەرو لاواز و بێوازدا وەکو گۆچانەکەی دەستی دایکی بەسەریا چەماوەتەوە، دەم دەنێتە ناو دەم و چرچ و لۆچی دەم و چاوی و رایدەمووسێ و بەسینگی خۆیەوەی دەگووشێ و پەیتا پەیتا چنگ وەر دەداتە پرچە سپییەکەی کەدەڵێی کولوە بەفرە ماچی دەکات و دڵخۆشی دەداتەوە و دەڵێ بە قوربانتبم دایەگیان ئۆخەی نەمردم دیسانەوە دیدەم بە دیدارت شادبوو، بەسنەبوو نەمردی ؟ ئەگەر بمردای قەت گەردنی خۆمم ئازاد نەدەکرد لە قیامەتیشدا ئەگەر تۆیش لێم ببوردایەیت من لە خۆم نەدەبوردم.

دیسان وەك سالانی پێشو بەشێکی زۆر لە پیرە پیاوان ژنانی بەسالاچوو، کچان و کورانی لاو و مندالانیش باشتر لە سالان لەدەوری ئەحمەد کۆبوونەوە و پیشوازی و خۆشامابیان لێکرد، دیسانەوە ماڵە گلێنە دەسکردەکەی مام ئاغەجان هەر وەکو مەرقەدی (پیرمحەمەد) بۆتەوە جێگای شەونشینی لاوان و ژنان، کچانیش بە بیانووی سەردان لە پوورامین و کوران بۆ دیداری دۆستانەی ئەحمەد، زۆر باشتر لە کانی و بەرهەیوانی مزگەوت، بۆتە جێژوانگەی بە کۆمەڵی لاوانی ئەویندار. دیسانەوە لە ماڵی پوورامین حەیوان سەر براوە، مەنجەڵە پلاو وەسەر کوانوو نراوە، دەڵێی زەماوەند چرنە و پرنەی کوڕ و کاڵی تێرژاوە، قەد و قامەتی ئەحمەد بەباشترین جل و جامانەی چوێت کراوەوە رازاوە، ئەحمەد کەدەبینێ کۆشکێکی تازە بنیات نراوە، دەڵێن کوڕانی عەلیخان و عەولاخانە شەلە وەك درکە زێ لە گوندی سوننەتە خزاوە، بۆ یەکەمینجار ماشێنی جووتکردنیان بۆ ئەم ناوچەیە هێناوە، ئەوە دووشەوو رۆژە کوێخاو گزیر بەگوێی خەڵکیاندا داوە، دەڵێن رۆژی جومعە پاش (نوێژی نیوەرۆ نابێ کەس لەگوند بچێتە دەرەوە و بیکابلاوە) چونکە عەولاخان و کوڕانی عەلیخان تەشریفیان هێناوە.

هەر لە ئێوارەی رۆژی پێنج شەممەوە گزیر ماڵ بەماڵ بە خەڵکی گوندی سوننەتەی راگەیاندوە کە بەیانی نیوەڕۆ هەتا ئەوانەی قەت لە نوێژی جومعە و جەماعەتیشدا بەشداری ناکەن دەبێ لەمزگەوتدا کۆ بنەوە چونکە ئاغایان عەولاخان و ئەحمەدخان و حەسەنخانی برازای دێنە مزگەوت، قەرارداد و رسوماتی سالانەی نێوان ئاغا و رایەت تازە دەکەنەوە. سەرەنجام دووسەعات پێش نوێژی جومعە، کوێخا و گزیر بە تۆپزی خەڵکیان خزاندە ناو مزگەوت و بەرهەیوانی مزگەوتەوە.

ئاغاکان هاتنە ناو مزگەوت عەولاخان شەلەشەل چوو لە پەنای مەلا و میحرابی مزگەوتدا دانیشت بۆ یەکەمینجار یئکەمین نوێژی دابەست، بە دەنگێکی خەڵك خەڵەتێنانە و پەلەپەل دوورکات نوێژی کرد و ئایەتەلکورێیەکی بە دەنگێ بەرز خوێند و فوویەکی بە بەرو بەرۆکی خۆیدا کرد بە دەنگێکی رەسا وتی:

– بۆ رۆحیانەتی پاکی پێغەمبەران، ئەولیا و مەشایەخان و رۆحی عالاحەزرەت رەزاشای مەزن و مەرحوومی سەرتیپی قەڵەندەر و باوکودایکی مامۆستا و فەقێ و حازرانی ئەم نوێژی جومعەو جەماعەتە و مردوانی خەڵکی سونەتە لە قەبرستانی گوندی سونەتە و گشت موسوڵمانان خوا بە کەرەم رەحمەت پێیان بگەیەنێ الفاتیحا مع الصلوات.

ئەمجار بە چەپەچپ و لێو جوولانەوە وتی:

– ئەرێ کوانی کوێخا لێرەیە؟

کوێخا بەدەنگێکی بڵند وەلامی دەداتەوە و دەڵێ:

– بەڵێ قوربان ئەمر بفەرموو وام لە خزمتتاندا.خان دەڵێ:

– وەك دەستوورت پێدراوە گشت خەلکت کۆ کردۆتەوە؟

– بەڵێ قوربان جگە لە ئەحمەدی ئاغەجان تەواو دووکەڵکەری گوند ئامادەن لە خزمەتتاندا.

– ئەی ئەحمەدی ئاغاجانت بۆ حازر نەکردوە؟

– قوربان ئەو تا ئێستا قەت بۆ کاروباری ئاغایی و رسومای کوێخا و مەلا و مجێور حازر نەبووە و دەڵێ: من کە نەخۆم و نەباوکم لە توولی ژیانماندا چوارپێی سەگیش لە درگاماندا نەبووە؟ ئیتر بۆ دەبێ باج بە ئاغا و کوێخا و مەلاو مجێور بدەم؟.

عەولاًخان لە ڕقاندا چاوی دەچێتە پشتی سەری و چاو دەر دەپەڕێنیّ و بەدیقەت بە خەڵکی‌دا دەخشێنی و دەڵێ:

– ئەرێ ئەوە ڕاستە یان لە خۆتەوە وردە ورینە دەکەی!؟

– قوربان خۆ ئیشالاّ درۆت عەرز ناکەم، ئەوە گشت خەڵك و مامۆستایش شاهیدن هەرکاروبارێکی ئاغا و ڕایەتیم ئەنجام دابێت مامۆستا و پیاو ماقوڵە دەوڵەمەند و خاوەن دەستەلاّتەکانم ئاگادار کردوە، خان زۆر بە تووڕەییەوە دەڵێ:

– خۆدەڵێن تا ئێستا دەیان کەسی نابەلّد و ناحالّی بەهەلّە پێیان وابووە ئەمە ئەحمەدخانی کوڕی مەرحوومی عەلیخانی برامە و ئاغای گوندی سونەتەیە، نووساون بەدەستی ئەحمەدی ئاغەجاندا ماچیان کردوە و دەستیان بۆ بە سینگەوە گرتوە؟!

دووچاوی عەولاًخان دەلّێی دوو جامۆڵکەی پڕ لەخوینە بە و پەڕی تووڕەییەوە دەلّێ:

– مامۆستا مام کوێخا خەڵکینە ئاخر زۆر سەیرە بۆچی مەگەر مام ئاغەجانی باوکی ئەحمەد، بەئاوی حەوز و کانی ئەم گووندە نەشۆرراوە؟ لەناو خاك و مڵکی حەلاّلّ و زولاّلّی ئێمەدا نەنێژراوە؟ مەگەر ئەو ماڵەی کە لە پەنای ئەم مزگەوتە و لەناو دڵی ئەم گوندەدا دروستی کردوەو و پەنجا ساڵە تێیدا دەژین، بە قوڕ و گڵ و بەرد و دار و پەردوو، پووش و پلاّشی سونەتە دروست نەکراوە؟ مەگەر ماڵەکەیان لە خاکی‌ناوەڕاستی ئاواییدا درووست نەکراوە؟ مەگەر ئەوماڵە بە ئاسمانی سونەتەوە هەڵواسراوە؟ مەگەر ئەو تەپاڵەی نانی پێدەکەن و مالّی پیّ گەرم دوکەن شیاکەی ئەو گاوگۆتاڵە نیە کە لە لەوەرگەو جیحووناتی گوند و ئاوو خاکی ئێمەدا نەلەوەڕینراوە و نەپێژراوە؟؟

خان بۆ ماوەیەك سکووت دەکات، کەدەبینیّ جگە لە مەلا و کوێخاو گزیر هیچ کەس نق ناکات و شوێنەواری بێزاری بە نێوچاوانیانەوە هەست پێدەکریّ، دەڵێ:

– دادەی کوێخا گزیر بنێرە بانگی‌کەن بیهێنن بۆ ئێرە.

ئەحمەد کە سەری کردە ناو مزگەوتا تیکڕا لاوان لەبەری هەستان دڕنیان دا ڕێگەیان بۆ چۆڵکرد تا بچێتە ژوورەوە دانیشێت ئەویش بە زەردەخەنەی سەر لێویەوە سلاّویکی ئاوقەی عەولاًخان و دانیشتوان کرد و دانیشت. خان بە تەوسێکەوە وتیّ:

– ئەی وە عەلێکەسەلام ئەحمەد خانی کوڕی ئاغاجان.

ئەحمەد زۆر بە ویقار و خوین ساردی و پێکەنینەوە دەڵیّ:

– قوربان من کەی خانم، کە ئۆمەتی محەمەد تا ئێستا چوار پێی سەگیشیان لە درگای خۆم و باوکمدا نە بینیوە؟

عەولاًخان تێڕوانینێکی ڕەمزاوی دەبڕێتە ناوچا مامۆستا مەلا سەید جەلال و فەقیّ کانی، مەلا بە ئحوو ئحوویەك قوڕگی پاك دەکاتەوە و ڕووی دەمی دەکاتە ئەحمەد و دەڵیّ:

– کوڕم ئەحمەد گیان گویّڕاگرە، بە گوێرەی گشت سەرچاوەکانی حەدیسی نەبەوی هەتا قورعانی پیرۆزیش کە دەفەرموون تا خاوەن خاك و مڵك واتە ئاغا ڕازی نەبیّ ڕایەت حەقیان نیە مردووە کانیان لە حەوز و قەبرستانی دێدا بشۆرن و بنێژن، جا کوڕم ئەحمەد گیان داوا بکە لە عەولاًخان وەك نوێنەری براو برازاکانی، گەردنی باوکت ئازادکات، ئەگەرنا مشکۆلّزمەیە ولەگەلّ موسوڵمانانەدا حەشری ناکرێت. پاش فتوای مامۆستا عەولاًخان برێك نوارییە ناو خەڵکەکەداو وتیّ:

– خەڵکینە بە پێویستی نازانم گشت شتێکتان بۆ باسکەم ئێوە بۆخۆتان ئاگادارن هەمووساڵێك زەکات و خەرج پیتاکتان بارکردوە و هێناوتانە کردوتانە بە قوڕگی ئەمباری مەرحوومی باوکم واتە سەرتیپی قەڵەندەر. بەلاّم ئێستا مڵکی مەرحوومی باوکم دابەشکراوە دوودانگی ئێرە مڵکی منە و دوو دانگی هی ئەحمەد خان و حەسەنخانی برازامە.

کە ئەوەتانی خۆیان حوزوریان هەیە دودانگی تریشی هی سەرهەنگ سەعیدخانی برامە کە ئەفسەرە و لەتاران خەریکی خزمەتکردنە بە شاهەنشاو ولاّتی ئێران.

ئەویش وەکاڵەتنامەی ڕەسمی بەمنداوە کەواتە چواردانگی ئێرە هیمنە.هەروەها با ئەوەشتان پێبڵێم بۆیە ئێوەم کۆ کردۆتەوە پێتان ڕاگەیەنم لەمڕۆوە زەوی و زاری دەشتاییەکان وەك دەشتی شملّی و پەیمەر لەداوینی میانتەوەنان ئەوەی تراکتۆر بتوانیٚ بیکێڵیٚ ئێمە بۆخۆمان بەتراکتۆر ئەیکێڵین. وەنەبیٚ ئیوەشمان لەپێشچاو نەبیٚ هەروەها وێڵتانکەین ئیمە وەك برێك ئاغانین بەزۆر ڕایەتەکانیان دەردەکەن ئەوەمان لەبەرچاوە بەدرێژایی مێژوو بابو باپیرتان خزمەتی باب و باپیری ئێمەیانکردوە وەڕەنجیان بۆ داون هەربۆیە هەتا دەتوانن و گا و جووتتان بڕدەکات لە زەوینی لالیٚژ و تراکتۆر نەکێل دا بکێڵن. دیارە خۆ ئەو زەوینانەی تراکتۆر ناتوانیٚ بیکێڵیٚ قەت لێتان ناستێنینەوە تەنیا زەویە بەراو و تراکتۆر کێڵەکان نەبیٚ هیچ کوێیەکی ترتان لیٚ ناستێنینەوە، هەرکەسیش دەتوانیٚ بۆخۆی لە کوێرەکانیەکان کارێز لێدات بەشی ماڵ و منداڵی تەڕەکاڵ بەرهەم بهێنیٚ هەروەها هەر کەسیش دەتوانیٚ لەسەر ئەو عەرزە دێم و بەراوانەی بەتراکتۆر بۆی دەکێڵین وەك سەپان کاربکات بەتایبەت دەتوانیٚ ئەو عەرزەیش تا ئێستا بە دەستی خۆیەوە بووە لە ئێستا بەدواوە دەکریٚ وەك وەرزێر هەر لەسەری بێت، بیٚ ئەوەی تاقە ڕۆژێك بەگا جووت بکات و ئارەق بکەوێتە تەوێڵی بۆخۆمان بەتراکتۆر بۆی شیدەکەینەوە.

مژدەیەکی خۆشیش هەیە، دەڵێن ماشێنی دروێنەیش دروستکراوە، هەرچەند تائێستا بۆ ئێران نەهێنراوە، ڕەنگە لەداهاتویش دا دەوڵەت ماشێنی دروێنە کردنیشمان بداتیٚ دروێنەیشتان لەکۆڵ دەکەویٚ، ژیانێکی خۆش وباش چاوەڕوانتانە. خوا دەوڵەتی شاهەنشاهیمان بۆ خۆشکات سەر و ماڵ و دین و ئیمانمان لە شەڕی شەیتان و کافرە خوانەناسەکانی (ڕووس) پارێزیٚ هەموو شتێکمان لە ئەمریکاوە بۆ دێنیٚ. زیاتر لە سەعاتێکە خان قسە دەکات کەس نق ناکات دەڵێی کەڕولاڵن. خان دیسانەوە دەڵیٚ:

خەڵکینە ئەوەی کوێرەکانی بەدەستەوەیە وەیا کوێرەکانی کێوەکان ئاوەدان دەکاتەوە، کارێزی لیٚ دەدات دڵنیابێت لێی ناستێنینەوە، بە ئیجارە یان بە مەختە وەك ساڵانی ڕابوردوو هەر زەکات و خەرج و پیتاك دەدات و بەس. ئەوکەسانەی نایانەوی سەپانی بکەن و لە لالێژەکان جووت بکەن دەتوانن بۆ هەر کوێیەك پێیان خۆشە بار بکەن ئێمە دەس نایەنینە ڕێگەی کەس.

لە درێژایی قسەکانیدا عەولاخان، کە زیاتر لە سەعاتێکی خایاند، هیچ کەس بە ئەریٚ یان نەریٚ نەهاتە زمان، تەنیا مامۆستا سەید جەلال و کوێخا و گزیر نەبیٚ بەڵیٚیان دەگوت و سەریان بە ئیشارەی ڕەزایەت بۆ دەلەقاند، پاش هەڵوێستەیەك دیسان هەر عەولاخان شەقڵی بێدەنگی

دەشکێنیٚ دەڵیٚ:

– لەمڕۆوە هەرکەس حازرە سەپانی بکات، بەتایبەت ئەوانەی منالدارن بەزووترین کات عەرزیان بۆ دەکێڵین تا بە کەیفی خۆیان بە سێبەش تووتن و تەڕەکاڵ بکەن واتە لە هەر سیٚبەش بەشێکی هی ئێوە دەبیٚ، بەلام گەنم و جۆ لە حەوت بەش بەشێکی هی سەپان و پالەیە.خۆ کالەك و شووتی و گشت تەڕەکالێك بیجگە لەوەی ماڵ و منالی پالە و وەرزێر دەیخۆن ئەوەی بە فرۆش بڕوات نیواو نیوە واتە وەك برابەش.

بڕێك لە قەرە و ڕەشاییەکان کە بەدرێژایی مێژووی ژیانیان منداڵەکانیان بۆ زرکەتالێك یان چەپکیٚ پیاز و بەشی چێشتێك بامیٚ و تەماتە چاویان لە دەستی ماڵە جووتبەنە دەوڵەمەندە خواپێداوەکان بوو، ئەم هەل و مەرجە زۆر بەقازانجیان بوو چونکە ئەوانەی بیانتوانیایە تاقە مانگاو گوێرەکەیەك بۆ دەم و دۆی منداڵەکانیان پل و پا بکەن ئەوسا بۆ سەوەتەکایەك بۆ مانگا کە و باوشێك گیا گوێرەکە بۆ هەر کوێیەك بچووبان بە هەیدز هەیدز لە قاویان دەدان! ئەمانە واتە توێژی هەمیشە چەوساوە بزە دەکەوتە سەر لێیان و بە هێما و ڕەمز و ئیشارەی چاو لەگەڵ یەکتری دەدوان.

ئاغایش دەیزانی چۆن تۆوی دژایەتی و دوژمنایەتی لە نێوان پاڵە و ڕەشایی و ڕەنجدەراندا بە قازانجی خۆی دابچێنێ. خۆ مامۆستا سەید جەلالیش بە مێزەرە و پشتێنی سپی و سەوزی شێخ و مەلاییەکەیەوە، جووتێک فەقێی شیکپۆش لە دەستە ڕاست و دەستە چەپیەوە بەچۆکدا هاتوون دەڵێی هەیکەلی مەسیحە و دوو فریشتە دەستەو نەزەری بەچۆکداهاتوون. ئا لەم هەل و مەرجەدا سەرنجێک بە مەجلیسی کش و مات و بێدەنگدا دەخشێنی و دەڵێ:

– بەخوا فەرمایشەکانی عەولاخان تابڵێی خۆشیشن و شەرعیشن بەتایبەت بۆ ماڵە ڕشاییو ڕەش و ڕۆوتەکان. بۆ ئەو کەسانەی کۆزێک منالیان هەیە و هاوینان منالەکانیان بۆ زرکەتاڵێک، بۆ بەرووله ترۆزییەك خەریکە سوێیان دەبێتەوە. بەخوا خۆشە ئیتر منالە ڕەشاییەکانیش چاوە ڕوانی دەستی منالە دەولە مەندەکان نابن. جوابی فەرمایشەکانی مەلایش هەر سکووتبوو، کەخان زانی کەس فزەی لێوە نایەت. هەستایە سەر پێ بۆ ئەوەی خۆی بە دڵسۆزیان بێنێتە حەساو وتی:

– با ئەوەشتان پێبڵێم ئێمە وەک ئاغاکانی تیلەکۆ و فەیزوڵابەگی کەس بەزۆر دەرناکەین بە قەدرایی ئەو زەوینە دەشتایی و بەراوانەی لێان دەستێنینەوە زەوینی لالێژ و قەدپاڵی کێوەکانیان پێدەدەین تا بە گاجووت بیکێڵن و ماڵ و منداڵی خۆیانی پێ بەخێوکەن. کە عەولاخان و برازاکانی لە مزگەوت دەرکەوتن. سرکەسرک و پچەپچ لە گۆشە و کونج و کەلێنە کانی مزگەوت و حەوز و بەرهەیواندا بۆ ڕاو تەگبیر بەقازانج و زەرەری چین و توێژەکان دەستی پێکرد.

**دەبێ چاوەڕوانی بەشی شازدەهەم بین**

# بڵێسەی دەروون

**مەلاخالیدی تاتانی**

نازانم چۆن بەکام وشە
بۆ شیوەنی شیاوی تۆ
زمانی هەستم بێتە گۆ

نازانم چۆن بە کلیلی کام وشە
درگای زارم بــکەمـــەوە
دامرکــێنم گــڕ و بــۆسۆ

پەپوولەکەم دە هاوارم بۆ کوێ بەرم
بـــۆ ئـــەم خەمی دابـــڕانـــە
دەسەوسانم تەنها چارەم
فرمێسك وقوڵپی گریانە

ئێستا ئەڵێم فرمێسك و ژان
شیاوی لەدەسدانی جەرگە
ئاخ بێچارەم چیم پێ ئەکرێ
هێزی لەیەکدابڕانی ئازێز مەرگە

(بەڕوا) چرای گەشی دڵم
بۆ بە بێپەڕوا بەجێت هێشتم
لەم شەوەزەنگی ژینەدا
لە چۆڵگەی نا ئومێدیدا

کە هەمیشە تینووی قومێ دیدارتبوم
بۆ زوخاوی جیابوونەوەت پێ چەشتم

گوڵم چ کارەساتێکە
واق ورمـــــاوم
کەی ڕێو ڕەسمی سەفەر وایە

خۆتۆ دووچرکە لەمەپێش
بـــــە دڵمەو بـــــــووی
چۆن ئەڕۆی بێهیچ بایبایە
ئەرێ ئەوە خەو ئەبینم
شـــایـــلۆغـــانە
یا شین و شەپۆری
ئـــازیـــزمـــە

ئەوە ئاهەنگی بەهارە
یا گەردە لوولی پایزە
کچە شیرینەکەی دڵم
چیت بــەســەرهات

ئەوە سووراوت کردوە
یا خۆ لەخوێنا گەوزیوی
تۆ کە تۆپەڵێ ئاورێشمی گەرمبوی
بۆ لەم گەرمای شارەزوورەدا تەزێوی

تۆ کە تەمەنی گوڵێکت نەکردوە
جا کەی لە سەمات ئەزانی
ئەی بۆ خوتداوە بەسەر
دەستی مامتدا
ئەڵێی خاتوونێکی
سەماکەری جوانی
سەروپرچت ئاڵۆزاوە
دیەکەم نیکرۆت کردوە
یا دەستی ڕەشەبای مەرگە
هات منی نغرۆ کردوە

تۆ هێشتا بووکەڵەی دڵمی
چۆن ئەتەوێ خۆت کەی بە بووک
بۆ بەرگی سپیت پۆشیوە
زۆر ناوەختە ژیکەڵە کەم
چۆن ئەو شەرابەت نۆشیوە

چ کۆچێکە مەم قرچـــێنە
بەرەو شاری سەیوان ئەڕۆیت
خـــۆتۆ دەزگــیرانت نـــیە
کوێریم کە هاوسەری گڵکۆیت

ئەی بەرخۆلە نازدارەکەم
سەرو سیمام تامەزرۆیە بۆ رمبازین
خۆ نەت ئەهێشت هیچکەسێ بێتە باوەشم
کەچی ئێستاکە جێت هێشتووم و بێ‌نازیت

ئەی کۆستە دڵتەزێنەکەم
تۆ کە خەزت لەملوانکەی
سور و جوانە
لە فرمێسکی سووری جوانم
بۆت ئە هۆنمەوە گەردانە

تۆخواوەرە بە چنگەچکۆلەکان
وەکو جاران لەسەر سینەم بکە چینە
وەکو (کلاوکوورە)ی لارێ
چۆن سینگی لە خۆڵ توند ئەکا
تۆش دەسخەرە سەر ئەم برینە
ئازیزان داد
ژیانم چۆن بەسەر بەرم
لە هەر هەنگاوە سەرنجێك
یادگارێکی (پەروایە) چۆن دەربەرم

ڕۆژی چەنجار بزمەتەی سسەر زامی دڵم
ئەگیرێتە یادگارەکانم ئە کولێتەوە

کە ئەمەوێ لە ماڵ دەرچم
بۆ دیار نیت دەستە چکۆلەکانت
دە ئەستۆم کەی‌و ڕامبۆسی
ئیـتر ناخـم نـەکولێتەوە
**هاوینی ٢٠٠٥**

# زمـــــــانی منــــــــداڵ

شکسپیر دەڵێت
ووشە بەبێ بیرکردنەوە هەرگیز ناگاتە ئاسمان

## زمـــــان و کـــۆمەڵگە

**Society And Language**

ئەو لێکۆڵینەوانەی کەلەسەر منداڵ کراون، سەلماندویانە کەمنداڵ لەتەمەنی حەوت مانگیدا، کە لەسکی دایکیایەتی، گوێی لەو دەنگانەیە کە کە لەدەروبەریدا دێن .

کۆمەڵگە و ژینگە رۆڵێکی کاریگەریان هەیە لەسەر منداڵ بۆ فێربوونی زمان. زمان یەکێکە لەو هەنگاوە گرنگانەی کەمنداڵ لەیەکێک لەقۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانی ساواییدا فیردەبێ. لێرەدا رۆڵی باوک و دایک زۆر گرنگە کەبتوانن زمانێکی پاراو و زیندوو فێری منداڵەکانیان بکەن ، زمانێک کە ئەو منداڵە بتوانێت ویست و ئارەزووەکانی بۆ کەسانی دەوروبەری بەشێوەیەکی باش دەربڕێت، کەلێی تێبگەن و بتوانێت وەڵامی پێویستیەکانی رۆژانەی پێ تەواوبکات.

زمان کلیلی ژیانی مرۆڤە، منداڵ لەسەرەتای ژیانی یەوە ناتوانێ بئاخڤێ چونکە سیستەمی نێرڤەکانی مێشکی هێشتا تەواو گەشەیان نەسەندوە.

### گرنگی زمان

بەهۆی زمانەوە، منداڵ پێوەندی کۆمەڵایەتییەکانی دەبەستێتەوە و جیهانی خۆی دروست دەکات. لە رێگەی وێژەوە ئاشنایەتی خۆی بە کلتور پەیدا دەکات و کاردانەوە لە سەر دیاردەکانا دەخوڵقێنێت.

### فێربوونی زمان

منداڵ لەساڵی یەکەمی دەسپێکردنی ژیانیەوە هەوڵدەدات مۆسیقای ووشەکان کە رۆژانە بەر گوێی دەکەون فێربێ و لەگەنجینەی مێشکیدا بیانچەسپێنێت. سەرەتا مرۆڤ پێی وابوو کە منداڵی ساوا تەنها راهێنانی ووشەکان دەکات کاتێک هەندێک دەنگ وەکو (تا تا یان تەتە) دەڵێت. بەڵام ئەمرۆ دەرکەوت کە ئەوە جۆرێکە لە هەوڵی وەڵامدانەوە کەمنداڵ دەیەوێت بیداتەوە بەو کەسانەی کە یاری لەگەڵدەکەن. لێرەشدا پێوەندی تەماشاکردن رۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە سەرنج راکێشانی منداڵ. دووبارە بوونەوەی پێوەندی رۆژانە لەگەڵ منداڵدا بەهۆی شیرخواردن، یان پێداویستیەکانی تری بە دایک و باوکی یان ئەو کەسەی پەروەردەی دەکات، ئاسودەییەکی مەزن دەبەخشێت پێی و پردێکی پتەوی خۆشەویستی و سۆز و لە یەک تێگەشتنی لا دروست دەبێ.

### تێگەیشتنی زمان

زۆر جار یەکەم ووشە کەمنداڵ فێریدەبێت ووشەی بابە و دایەیە، ئەمەش گەورەترین بەختەوەری دەبەخشێ بەهەردووولا(باوک و دایک و منداڵ). منداڵ لەگەڵ گەورەکاندا فێری زمانی ئاماژەکردن دەبێت و ناوی شتەکان، دوای دووبارە بوونەوەیان فێردەبێت، لەم قۆناغەدا منداڵ پێوەندی نێوان ووشەکان و شتەکان تێدەگات ، رۆژ لەداوی رۆژ توانای تێگەیشتنی زمانی بەهێزتر دەبێ. لە تەمەنی یەک ساڵیدا منداڵ هەوڵدەدات ووشەکان بۆ مەبەستی پێوەندی بەکاربهێنێ، هەرچەندە دەنگی ووشەکان لە زاریدا هێشتا روننین. لێرەدا خوشک و برا بچوکەکانی باشتر لێی تێدەگەن، چونکە ئەوان باشتر لەزمانی ئاماژەکردن دەزانن و بە قۆناغەدا تێپەریون.

### قۆناغی دەربڕینی یەک ووشەیی

دوای ساغبوونەوەی دەنگەکان و دەرکەوتنی ووشەکان، منداڵ لەم قۆناغەدا ووشەی تاک فێردەبێت و گەلێک جار یەک ووشە مانای یەک رستە ئەگرێتەوە، بۆ نموونە کەدەڵێت: نان ، مەبەست نانی دەوێ، نان دەخوات یان نان و شتی تر. لەبەر ئەوەی کە توانای یەک ووشەی زیاتر نیە ناتوانێت بەشێوەیەکی تر داوای خۆی دەربڕی. کەمنداڵ فێری نیزیکەی ٥٠ووشەدەبێت، هەوڵدەدات دوو ووشە پێکەوە بلکێنی.

### قۆناغی دەربڕینی دوو ووشەیی و گراماتیک(رێزمان)

هەنگاوی دەربڕینی دوو ووشە بە هەنگاوێکی پەرەسەندو دەژمێردرێ لە ژیانی گەشەکردنی زمانی منداڵدا. لە تەمەنی دووساڵییەوە رستە درووستکردن دێتە ئاراوە. منداڵ فەرهەنگی ووشەی گەورەتردەبێت، زۆر لە منداڵان هەوڵدەدەن دوو ووشە پێکەوە بلکێنن، واتە لەدایکبوونی رێزمان دەسپێدەکات، بۆ نموونە : پشکە جوانە، یان سەگەکە گوناحە. دوای ئەم قۆناغەش زمانی دروستکردن وێنە دێتە ئاراوە.

دریژەی هەیە

*سەرچاوە*

*ئەم بابەتە لەم سەرچاوەیەی خوارەوە وەرگیراوە*

*Bengt Brodow & Börje Bergström, Nya språket och v. Sidor189-193*

2001 Malmö-Sverige

## راپۆرت و دوکومێنت

**خۆینەرانی خۆشەویست بە زەحمەتێکی یەکجار زۆر توانیم بەسەر کەندوکۆسپەکانی سەر رێگای بیرۆکەکەما سەرکەوم کەئەویش دامەراندنی باغچەی ساوایان بوو وەک نیهادیکی پەروەردەیی مودێرنی زانیاری هاوچەرخ کە بۆ یەکەمینجار لەشارەوە بەرەو شاخی کوردستانی بەرم و لە گوندیکی کوردەواریدا دایەمەزرێنم، ئەوگوندەیش گوندی زرگوێزی سلێمانیە کە بوو بە خاوەنی ئەو شانازیەی کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی گوندەکانی کوردستاندا ساوا و باغچەی ساوایانی خۆی لە ئامیزی خۆی بگرێت.**

**بەگواستمەوە و نۆژەنکردنەوەی یانەی سارای منداڵانیخۆم و گۆاستنەوە و سەقامگیرکردنی لەسەر بناغەی پەروەردەکردن و بارهێنان بە شێوازی مودێرنی هاوچەرخ لە گوندی زرگوێزی سلێمانیدا توانیم بەڵگەیەکی گرینگی مێژوویی لە مێژووی کورد و کوردستاندا تۆماربکەم. دیارە دەبێ ئەو راسیەش بلێم و ئاشکرایکەم و مەمنوونی ئەمن و ئاسایشێکی خولقاو ببم کە لە هەرێمی سلێمانیدا بەرقەرارە، منیش لە ساو پەنای ئەو هێمنی ئاسایشەدا توانیم بە ئاواتی خۆم بگەم.**

SARA

CHILDREN CLUB

S.C.C

یانەی سارای

منداڵان

## پەیوەستنامە

من ( بەهار محمد احمد علی ) کارمەندی بەڕێوەبەرایەتی ( یانەی سارای منداڵان

بە ناونیشانی ( مامۆستای یانە ) بەڵێندەدەم ماوەی ( سێ مانگ ) واتە لە ( ٣٠/٦/2005 ) بۆ

٣٠/٩/2005 ) لە یانەی سارای منداڵان بە ناونیشـــــانی ( گوندی زرگوێز ) وە بەگرێی

مانگانەی ( ) دینار ، کاربکەم . بە پێی ئاستی مامۆستایەکی تازە دامەزراوی سەرەتای حکومەتی هەرێم

بە پێی ئەم مەرجانەی یانە : -

1- دڵسۆزی و بەتەنگهاتنەوەی منداڵانی یانە .

2- پابەندبونم بە دەوامەوە لە کاتی دیاریکراودا .

3-را پەراندنی ئەرکەکانم بە دڵسۆزی .

4-هاریکاریکردنم لەگەڵ ستافی یانەدا ..

یانەی سارای منداڵان S.C.C

بەڕێوەبەر

سەرپەرشتیاری یانە

2002 / /

ئیمزای کارمەند

2005/ ٦ / ٣٠ .

## بەرنامەی کاری ڕۆژانەی هاوینە هەواری یانەی سارای منداڵان لە کوێندی زرگوێز

هەروەها ئەرکەکانی سەرشانی پەروەردەکاران وەك ئاگی کردنەوە لە سێ مانگی پشووداني هاوینەدایە.

بەرپرس و فێرکەر و فەڕاش لە هەفتەیەکدا پێنج ڕۆژ دەوام دەکەن کاتی دەوام لە سەعاتی ٨ ی بەیانی تاسەعات ٢ی پاش نیوەڕۆیە. شێوەی پەروەردەکردن و بارهێنان هەر هەمان شێوەیە کە لە ئەساسنامەی یانە دا لە ئەساسەوە هاتوە و کراوە. تەنیا فەرق و جیاوازی ئێستا ئەوەیە ئەوسا مەسەلە (تەغزیە)یش وەك مەسەلەی پەروەردە گرینگ بوو. بەڵام ئێستا تەنیاو تەنیا ئامانج پەروەردەکردنی منداڵە و (کۆرس) و کۆبوونەوە بۆ دایکان و باوکانی منداڵەکانە. جیاوازیەکی دیکە ئەوەیە. ئەوسا (مەسبەح) واتە حەوزی مەلە کردن نەبوو هەموو ڕۆژێ لە گەرمای چلەی هاویندا لە مەلەگەی تایبەتی خۆیاندا مەلەیکەن.

بەرپرس و بونیاتنگوزار ........................ عەلی حەمەئەمین باپیر
فێرکار و مامۆستای مووەقەت .......... بەهار حەمەئەمین عەلی
بەرپرسی ئەزم و پاك و خاوێنی و خواردە مەنی......... فاتمە ڕەحمان سەعدوون

گشت ئەرکی باری ئابووری لەسەرشانی بەرپرس و بونیاتنگوزارە مووچەی مانگانەی خوشکە بەهار و خوشکە فاتمە هەر یەکەیان بە ئەندازەی مامۆستایەکی سەرەتایی تازە تەعین کراوی وەزارەتی پەروەردەیە، هەر وەها هەرکەسەیان دوومنداڵی خۆیان لەم خزمەتگوزاریە پیرۆزە بەرخوردارن.

ئەم بەرنامە و بەڵێنامەیە لە پلەی یەکەمدا بۆماوەی سێ مانگی هاوینی ئەمساڵە واتە هاوینی ( ٢٠٠٥ ) و بەس. چونکە بەر پرسیار و بونیاتنگوزار بە تەمایە ئەم نیهادە پیرۆزە پەیوەست بکات بە وەزارەتی پەروەردەی حوکومەت و حاکمیەتی هەرێمی کوردستانەوە.

21 / 6/ 2005 یەکەمین ڕۆژی هاوینی 2005

من کە بەهار حەمە ئەمین عەلی بەڵێن دەدەم وەك مامۆستایەکی دڵسۆز بە منداڵانی یانەکە خزمەت بکەم

بەهار ... عەلی

من کە فاطمە رحمان سعدون بەڵێن دەدەم کە خزمەتی منداڵانی یانەکە بکەم بە پاکی و خاوێنی ڕایبگرم

فاطمە رحمان سعدون

## بەرنامەی کاری ڕۆژانەی هاوینە هەواری یانەی سارای منداڵان لە کوندی زڕگویز.

ڕۆژانی یەك شەممە  سرود و وەرزش وانە و گۆرانیومەلە

ڕۆژانی دوو شوممە  چاودێری لە مەلە گردنی منداڵەکان

ڕۆژامی سێشەممە کۆبوونەوە و وتووێژ و بیرورا گۆڕینەوە لەگەڵ بەشێك لە دایکانی منداڵان

چوار شەموان  دانیشتن لەگەڵ باوك و برایانی منداڵەکان و خەڵکی گوند و میوانانی یانە

ڕۆژانی پێنج شەممە سروود و وەرزش و وانە و گۆرانیو  مەلە

بەر پرس و بونیانگوزار    عەلی کیتابی

من كه ناوم هه‌ژار محمد عبدالقادره خانوی زرگوێزم دا به كرێ بۆ جامعه‌ی مشه‌وش تائێك
به ناوی علی كتابی به‌ڕێوه‌به‌ری بنیادگوزاری پاڵپشتی ساوای منداڵان به تاریخ
١ - ٨ - ٢٠٠٥ له‌ دوای مشه‌وش ماڵێك به ڕۆژنامه‌ ... ڕوولا یان
عقدی كرێ تازه‌ ده‌كرێته‌وه‌ یان كاره‌كه‌ ناكرێت.

هه‌ژار محمد عبدالقادر

من عدلی كتابی به‌ڕێوه‌به‌ری بونیادنه‌ری پاڵپشتی ساوای منداڵانی گوندی
زرگوێز ئه‌م خانووه‌م بۆ شیداره‌كردنی منداڵانی گوندی زرگوێز
به مبلغی 200000 دوسه‌د هه‌زار دینار مانگانه‌ قبول كردووه‌
كه كرێكه‌ له‌ ١/١/2005 ده‌ست پێ ده‌كا بۆ شیداره‌ به‌ڕێوه‌بردنی
پاڵپشتی ساوای منداڵان

عدلی كتابی به‌ڕێوه‌به‌ری بونیادنه‌ری پاڵپشتی ساوای منداڵان

١ شاهید محمد عبدالله‌ ...
٢ شاهید محمد احمد ره‌سوڵ

S.C.C

2005 /7/7

## بۆ بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان

لەگەڵ ڕێز و سڵاوی عەلی کیتابی سەر دەبیر گۆڤاری جیهانی منالأن و بەڕێوەبەر و بونیانگوزاری یانەی سارای منداڵان ئەوسا لە سلێمانی و ئێستا لە گوندی زڕ گزێزی گەورە.

بەڕێزان چواردەهەمین ژمارە واتە وەرزنامەی ئەم گۆڤارەتان پێشکەش دەکەم بەو هیوایەی ئێمەیش وەك گشت گۆڤار و ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستان لە یارمەتی مادی مەعنەوی ئەو وەزارەتخانەیە بێ بەش نەبین.

سەردەبیری گۆڤاری جیهانی منالأن و بەرپرس و بونیانگوزاری یانەی سارا

عەلی کیتابی

حکومەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری کۆمەڵایەتی
بۆبەڕیوبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی سلیمانی

ژمارە/ ١٢٦٤
بەروار/ ٢٠٠٥/٩/٢٠
بەرامبەر/ / گەلاوێژ/٢٧٠٥

---

**بۆ/بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری کۆمەڵایەتی**

**بابەت/ راپۆرت**

ئاماژە بەفەرمانی کارگێری ژمارە/ ٥٧٦ لەبەرواری ٢٠٠٥/٩/١٤ راپۆرتی ئەو بەڕێزانە دەنێرین بۆتان کە لیژنەکەیان لێ پێک هاتبوو بۆ وەرگرتنی ئەو زانیارانەی لەناوەڕۆکی نوسراوی وەزارەت دا هاتووە سەبارەت بە « یانەی سارای منداڵان » کەلەلایەن هاوڵاتی « علی کیتایی » لەگوندی زرگوێزی گەورە دامەزراوە بۆئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕیزدا .

هاوپێچ/
راپۆرت.

محمد / مجید محمد عبدالقادر
بەڕێوەبەر

وێنەیەک بۆ/
✓ کارگێری و خۆیی
✓ ف/ کۆمەڵایەتی
✓ س. پەروەردە

✓ د/ گشتی

کۆمپیوتەر/////بیگەرد............................بەروار/٢٠٠٥/٩/٢٠ ............................تویژەری کۆمەڵایەتی /گوڵاڵە

( 87 )

## بەڕێز / بەڕێوەبەری چاودێری کۆمەڵایەتی سلیمانی

دوای سڵاو ....

ئاماژە بەفەرمانی کارگێری وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلایەتی ژمارە/ ٢٣٦٠ لە ٢٠٠٥/٩/٦ پشت بەهامشی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی چاودێری کۆمەڵایەتی لە ٢٠٠٥/٩/٧ و فەرمانی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە/ ٥٧٦ لە ٢٠٠٥/٩/١٤ لیژنەکەمان سەردانی یانەی ساری منداڵانی کرد لەگوندی زرگوێزی گەورە وە ئەم تیبینیانەی لای خوارەوەمان تۆمارکرد : بەچۆنیەتی کارکردنی یانەکە :-

١- بینایەك بەکرێ گیراوە تازەیە دووڤاتە دەوامیان بەیانیانە .

٢- ژمارەی منداڵانی ( ٢٠ ) تا ( ٢٥ ) منداڵە لەتەمەنی ٣ ساڵ بۆ ٥ساڵ

٣- منداڵەکان زۆربەیان خەڵکی گوندی زرگوێزن .

٤- دووژنی کارمەند ی دەست نیشان کردووە بەمانگانە یەکەمیان بەکاری ( مامۆستا ) کە هەتا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە وە دووەمیان بەکارگوزاری ناو بیناکە وەپیداویستی راخەرو سەلاجەو تەباخ و کورسی و تەواو بەتەمەنی منداڵەکان وە بۆفیەو مەکتەبەو کۆمپیوتەرو وەشوێنی کۆبونەوەی دایکانی تە ئمین کردووە وەکۆمەڵێك سیدی ئەرشیفی هەیە کەکاتی پیشووتر ( مەسبەحی ) بچووکی دروست کردووە بۆمەلەی منداڵەکان و یانەکە ( گۆڤاری جیهانی منداڵان ) دەردەکات بەوەرز وەتائیستا ( ١٤ ) ژمارەی بلاو کردۆتەوە وەخەتی ( ئیمێلی ) هەیە لەسەر ئینتەرنیت وەمۆڵەتی یاسایی وەرگرتوە لەوەزارەتی ناوخۆ بەژمارە/ ٩٥٨٣ لە ٢٠٠٢/١٠/٢٠ بۆ کارەکەی وەك کۆمەڵ واتە ( جمعیە ) وەمۆڵەتی گۆڤارەکەشی وەرگرتوە لەوەزارەتی رۆشنبیری .

٥- پیداویستیەکانی یانە جیگایەکی فراوانتری پیویستە وەمامۆستاو توێژەری کۆمەڵایەتی بۆدابین بکرێت .

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتی گشتیی راگەیاندن
بەشی مۆڵەت

بەڕێوەبەرێتی گشتیی راگەیاندن

ژمارە :
زاینیی
کوردی :

بۆ گۆڤاری جیهانی منداڵان

بابەت/ ژمارە بڵاوکراوەکان

لەگەڵ هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی کارەکانتان، داواکارین لەکاتی ناردنی ژمارەی بڵاوکراوەکەتان بۆ وەزارەتەکەمان، تکایە رێنمایی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:

١.ژمارەی بڵاوکراوەکان بە تەواوی بگاتە دەستمان بەم شێوەیە:

رۆژنامە :

گۆڤار: جیهان

٢.ئەو ژمارانەی بۆمان دەنێرن راستەوخۆ بینێرن بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی راگەیاندن، پشت مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکە.

٣.ژمارەکان بگاتە بەشی مۆڵەت لەم بەڕێوەبەرایەتیە.

٤.هیچ ژمارەیەك مەنێرن بۆ وەزارەتی رۆشنبیری چونکە لەکاتی دابەشکردندا ئێمە بۆیان دەنێرین.

لەگەڵ رێزدا

هەنگورد عەبدولوەهاب محەمەد عەلی
بەڕێوەبەری گشتیی راگەیاندن

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری
بەرێوەبەرێتی گشتیی راگەیاندن
بەشی مۆڵەت

بەڕێوەبەرێتی گشتیی راگەیاندن

ژمارە : 604
زایینی : 13 / 7 /2005
کوردی :

## فەرمانی وەزاری

1- بە پاڵپشتی مادەی (16) ی یاسای چاپەمەنی ژمارە (10) ی ساڵی 1993 بڕیارماندا بە بەخشینی مۆڵەتی یاسایی بە گۆڤاری ( جیهانی منداڵان ) کە خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرەکەی ئەم بەڕێزانەی لای خوارەوەن.

خاوەن ئیمتیاز : عەلی حەمە ئەمین باپیر
سەرنووسەر : عەلی حەمە ئەمین باپیر

2- ئەم فەرمانە لەڕۆژی دەرچونیەوە کاری پێدەکرێت

فەتاح زاخۆیی
وەزیری رۆشنبیری

وێنەیەك بۆ /

- سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران – دیوان/ بفەرموون بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێزماندا
- وەزارەتی ناوخۆ- راوێژکاری /بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ رێزدا
- نوسینگەی تایبەت
- بەرێوەبەرێتی گشتیی دیوان
- بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی رامیاری
- بەرێز خاوەن ئیمتیاز
- ژمێریاری بۆ کاری پێویست
- دۆسیەی مۆڵەت( رۆژنامەو گۆڤارەکان )
- دۆسییەی دەرچووەکان

هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ڕۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕاگەیاندن

حکومەتی هەرێمی کوردستان
بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕاگەیاندن

ژمارە : 604
زاینیی: 2005/7/13
کوردی :

# مۆڵـــەت

بـە پـێی بڕگـەی 16 لەیاسـای چـاپـەمەنی ژمـارە 10ی سـاڵی 1993 ی هــــەرێمی کـــوردستان بڕیاردرا بە بەخشینی مۆڵـەتی یاسـایی بـەگۆڤـاری ( جیهـانی منـداڵان ) کـە هەموو مەرجەکانی یاسایی تێدایە .

خاوەن ئیمتیاز : عەلی حەمە ئەمین باپیر

سـەرنووســەر : عەلی حەمە ئەمین باپیر

فەتاح زاخۆیی
وەزیری ڕۆشنبیری

## بۆ بەڕێز / وەزارەتی ڕۆشنبیری بە ڕێوەبەرێتی گشتی ڕاگەیاندن

بابەت/ مۆڵەتی یاسایی

داواکارین لە بەڕێزتان  کە مۆڵەتی یاسایی دەرکردنی گۆڤاری (جیهانی‌منداڵانمان) پێ ببەخشن کە یانەی سارای منداڵان دەری دەکات و تایبەتە  بە شێوەی پەروەردەکردنی منداڵان بە شێوەی پێشکەوتوخوازانەی مودێرنی هاوچەرخ و فەلسەفە و ئەدەبیات،
ئەم گۆڤارە  وەرزیە و ساڵی چوارژمارەی لێ دەردەکرێ و تا ئێستا بێشودان ١٤ وەرز تەمەنی خۆی ناوەتە پشتی سەری.
خاوەن ئیمتیاز و مودیر و مەسئول عەلی حەمەئەمین باپیر (عەلی کیتابی بووە و هەیە. بەرپرسی بەشی ماڵی و مۆنتاژ  شەهاب دەشتی و چەن دۆست و خوێنەری گۆڤارەکە بووە کە ناو و نیشانیان لە ١١ ژمارەی ئەم گۆڤارەدا تۆمار کراوە.
تا ئیستا و هەر ئێستاکەش  بە مۆڵەتی ڕەسمی وڵاتی سوید و لە شاری یۆتیبوری دەرکرێ و لە کوردستانیش کەم و بێش چاپ و بڵاو کراوەتەوە  هەروەها لەسەر ماڵپەڕی تایبەتی خۆی دابەزێنراوە، ئەمەش ناونیشانی ماڵپەڕەکەمانە  www. Jmnalan.org

خاوەن ئیمتیاز و مودیر و مەسئویل گۆڤاری جیهانی منالان و بەر پرس و بونیاتگوزاری یانەی سارای منداڵان ئەوسا لە سلێمانی و ئێستا لە گوندی زرگوێزی گەورە.

عەلی کیتابی  ٢٠٠٥/٧/١٢

4

٢٠٠٥/٧/١٤

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی
بـــــاســـــا

ژمارە: ٥٧٦٢
بەروار: ٢٧/٩/٢٠٠٥ ز
بەرامبەر: / رەز بەر /٢٧٠٤ك

**بۆ / وەزارەتی پەروەردە**

**ب/ دابین کردنی مامۆستا**

هاوپێچ داواکاری هاوڵاتی (علی کیتابی) تان بۆ دەنێرین، بەمەبەستی دابین کردنی مامۆستایەك بۆ یانەکەی (یانەی سارای منداڵان) لەزرگوێز . لەبەرئەوەی ئەم یانەیە پێویستی بەمامۆستایە بۆ پەروەردە کردن و سەرپەرشتی کردنی منداڵەکان . تکایە هاوکاری بکەن بەدابین کردنی مامۆستایەك، بەپێی یاسا و رێنماییەکان .

لەگەڵ رێزدا . .

**هاوپێچ /**
داواکاری هاوڵاتی (علی کیتابی)

**صابر اسماعیل حمد**
**بریکاری وەزارەت**

**وێنەیەك بۆ/**
- بەشی یاسا (لەگەڵ بەرایی) .
- د.خولاو

ژێنۆ . . .

سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران
نووسینگەی تایبەتی سەرۆك

ژمارە: ١١٩٤٥/٧/٨
بەروار: ٨ / ٩ / ٢٠٠٥ ز
بەرامبەر: ١٧ / گەلاوێژ / ٢٧٠٥ ك

بۆ / لیژنەی هاوكاری ڕێكخراوەكان

بابەت / هاوكاری

لەسەر فەرمانی بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران ..

ئاماژە بە نوسراوەكانتان ژمارە (٢٧٩ / ٢٨٠ /٢٨١ /٢٨٢/٢٨٣) لە ٢٠٠٥/٨/٢٩ ... سەبارەت بە هاوكاری ئەم ڕێكخراوانەی خوارەوە (بخرێتە ساڵی داهاتوو) .

لەگەڵ ڕێز

ڕێكخراوەكان:

١. سەنتەری گەنجان لە زاخۆ
٢. یانەی ڕۆشنبیری بالیسان
٣. یانەی سارای منداڵان
٤. سەنتەری ڕوناكبیری هەتاو
٥. لیژنەی یارا ئۆلۆمپی كوردستان

ئازاد محمد ابراهیم
بەڕێوەبەری نووسینگەی تایبەت
٨ / ٢٠٠٥/٩

وێنەیەك بۆ:
- بەڕێز وەزیری كاروباری ئەنجومەن / بۆ ئاگاداریتان ..................... لەگەڵ ڕێزدا
- ن. تایبەتی سەرۆك لەگەڵ سەرەتاكاندا/لەگەڵ ڕێزدا
- سەنتەری گەنجان لە زاخۆ
- یانەی ڕۆشنبیری بالیسان
- یانەی سارای منداڵان
- سەنتەری ڕوناكبیری هەتاو
- لیژنەی یارا ئۆلۆمپی كوردستان

(بۆ ئاگاداریتان /لەگەڵ ڕێزدا)

- خولاو.

kit 1338 08/09/2005 Salaam

هەرێمی کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

**وەزارەتـــــی پـــەروەردە**

بەڕێوەبەرێتی گشتی سەرپەرشتیارێتی پەروەردەیی

ژمارە: ٩٩٤٥
ڕۆژ: ٢٠٠٥/٩/٢٩
٢٧٠٥/ /

**بۆ : بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی - بەڕێوەبەرێتی خوێیی**

**بابەت : دابین کردنی مامۆستا**

**ئاماژە بە نووسراوی وەزارەوتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی ژمارە ٢٥٧٦ لە ٢٠٠٥/٩/٢٧ کاری پێویست ئەنجام بدەن لە دابین کردنی { مامۆستایەك } بۆ « یانەی ســـــارای منالان » لە زرگوێــــــز و لە ئەنجام ئاگادارمان بکەنەوە لە گەڵ ڕێزدا .**

**هاوپێچ**

**وێنەی نووسراو**

**د. شەونم عبدالقادر**

**وەزیـــــــری پـــــەروەردە**

**وێنەی بۆ /-**

- **وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی - یاسا : نووسراوی سەرەوەتان لە گەڵ ڕێ.دا .**
- **نووسینگەی تایبەت**
- **نووسینگەی بریکاری وەزارەت**
- **بەڕێوەبەرێتی گشتی فێرکردنی گشتی**
- **بەڕێوەبریتی بەشی خوێیەتی : لە گەڵ هاوپێچ دا .**
- **خولاو**

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
ڕاوێژکاری کاروباری یەکسانی

بابەت: هاوکاری بۆ "یانەی سارا" و گۆڤاری "جیهانی منداڵان"
ڕێکەوت: 2005/10/10

بۆ مەبەستی گەشەدان بە تواناکانی منداڵانی کوردستان و ڕاهێنانیان بە کلتووری خۆشەویستی و دیموکراسی، "یانەی سارا" و گۆڤاری "جیهانی منداڵان" دەتوانن خزمەت بە منداڵانی کوردستان بکەن و بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە وەک ڕاوێژکاری بەڕێز سەرۆکی حکومەت کاک نێچیرڤان بارزانی بۆ کاروباری یەکسانی، هاوکاری و پشتیوانیان لێ دەکەین.

بری پێنج ملیۆن دینار تەرخان دەکەین بۆ هاوکاریکردنیان و بە چێکی ژمارە 803753 دەیدەین بە بەڕێز عەلی حەمەئەمین باپیر ناسراو بە "عەلی کیتابی"، کە بەرپرسیار و بنیاتگوزاری یانەکەیە و سەرنووسەری گۆڤاری جیهانی منداڵانە.

مەهاباد قەرەداغی
ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری ئافرەتان

من چێکی ژمارە 803753 بە بری پێنج ملیۆن دینارم وەرگرتووە.

عەلی حەمەئەمین باپیر
بەرپرسی "یانەی سارا" و سەرنووسەری گۆڤاری (جیهانی منداڵان)

Mahabad Quradaghi
Adviser of Prime Minister
(Women Issues)

Kurdistan Regional Government (KRG)
Tel. Office: 2231910

ـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ـزارەتـــــی نـــــاوخـــۆ
ـەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ـەرمـــانـــگـــەی یاسایی / ی
ـمارە: ١٨٠/ ٩٥٨٤
ـەروار: ٢٠/ ١٠/ ٢٠٠٢ز
ـەرامبەر: ٢٨/ رەزبەر/ ٢٧٠٢ك

**فەرمانـــــــی وەزاری**

پـاڵپشت بەپێی هەردوو ماددەی ( ٧ و ٨ ) لەیاسای کۆمەڵەکان لەهەرێمی کوردستان / عێراق ژمارە ( ١٨ ) ی ساڵی ١٩٩٣ وەلەبەر هەبوونی هەموو مەرجە یاساییەکان لەداواکاری دامەزراندندا بڕیارماندایە :-

پێ دانی مۆڵەت بەدامەزراندنی ( بانەی شاری منداڵان ) گـوزارش لـەبـەروار دەرچوونی ئـەم فەرمانـەوە .

فەریدون عەبدولقادر فەرەج
وەزیـری ناوخـــۆ
٢٠/ ١٠/ ٢٠٠٢

وێنەیەك بۆ /
- بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / بەڕێوەبەرێتی کاروباری یاسایی / بۆ زانین ... لەگەڵ ڕێـزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش / ڕامیاری / نوسراوتان ژمارە ٣٧٤٣ / ١٠٣٩١ لە ٢٢/ ٩/ ٢٠٠٢ بۆ ئاگاداریتان / لەگەڵ ڕێزدا .
- پارێزگای سلێمانی / ل . ن / نوسراوتان ژمارە ٢٨٣٥ لە ٩ / ٢٢/١٠بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- پارێزگای کەرکوك
- پارێزگای هەولێر
بۆ ئاداریتان .....لەگەڵ ڕێزدا
- بانەی شاری منالان / بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانتان بەپێی پێنمایی و یاسایی کۆمەڵەکان .... لەگەڵ ڕێـزدا .
- نوسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان .
- فەرمانگەی یاسایی / لەگەڵ سەرەتاکاندا .

شەوبۆ

ناونیشان: سلێمانی _ سەرا _ ت: ٢١٤٥٤ - ٢٢٢٢

## پۆلە پەپوولەی دراوسێی زەلکاو

بۆ بەڕێز سەرۆکی شارەوانی شاری سلێمانی

ب / چارەسەری ئاوەڕۆ

لەگەڵ ڕێز و سڵاوی سەر نووسەری گۆڤاری جیهانی منالان و بەر پرسیار بونیانگوزاری یانەی سارای‌منداڵان ئەوسا لە سلێمانی و ئێستا لە گوندی زرگوێزی گەورە.

من پاش زیاتر لە 30 ساڵ پێشمەرگایەتی و خۆ بەخشین لە پێناوی ئازادی و سەربەستی‌و سەربەرزی خەڵك و خاکی نیشتمانەکەم دا کە کوردستانە توانیومە ئەوسا بەگەنجینەی بەهای خەزنکراوی بەرهەمی نووسینەکانم و ئێستایش بە مەعاشی خانەنشینیەکەمەوە کە وەك هاو وڵاتی‌یەکی وڵاتی سوێد لێی بەرخوردارم: بەهەشتی خەیاڵی خۆم کە پێکهاتەی باخچەی ساوایانی گوندی زرگوێزە بگەمە لووتکە ئاواتم. ئێستاش وەك شاعیر و ئەدیب و رۆژنامەنووسێك دیمەنی یانەی منداڵکانم و ئاوەڕۆی (شێوە زەلکاوی) بەر دەرگای یانەکەمان وە ك فلیمێك بەم دروشمەی سەرەوە تەسویر بکەم و داواکاریم بڵێم: تکایە ئەمر بفەرموون ئەو زەلکاوەمان بۆ بوشکێنن و منداڵەکانمان لە خەتەری نەخۆشی و ... رزگار کەن و ببنە شەریکی خزمەتگوزاریەکانم

بەر پرسیار و بونیانگوزار یانەی سارا عەلی کەنانی

2005 /11



# Barnens Värld

**Om barnens livsvillkor världen över**

**Barnhemet SARA i Zergwez/Slemani**




# کەشتی خەیاڵ

Ali Ketabi
C/O Shihab Manmy
Bolerovägen 7
424 54 Angered, SWEDEN.
Tel: +46 (0) 31-3302030    Tel: Kurdistan 0770 211 0881

Postgiro : 5469 - 4922
shihab.manmy1@rixmail.se

ISSN 1651-5188